# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٤٣)سالّی نۆزدەم   ٢٠/تشرینی دووەم/٢٠١٩/زاینیی   ٢٩/گەلاریزان/٢٧١٩/کوردی   ٢٣/رەبیعی یەکەم/ ١٤٤١ کۆچی

243

لەم ژمارەیەدا :

**رێنمایی ژمارە (٥)ی سالّی ٢٠١٩وەزارەتی خوێندنی بالاّ و توێژینەوەی زانستی** — ل ١

رێنمایی خوێندنی بالاّ/ماستەر لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان

**رێنمایی ژمارە (٦)ی سالّی ٢٠١٩وەزارەتی خوێندنی بالاّ و توێژینەوەی زانستی** — ل ١٢

رێنمایی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان

**رێنمایی ژمارە (٧)ی سالّی ٢٠١٩وەزارەتی خوێندنی بالاّ و توێژینەوەی زانستی** — ل ٢٢

رێنمایی خوێندنی بالاّ / دبلۆمی بالاّی یەک سالّەی ئەکادیمی لەزانکۆ حکومییەکانی کوردستان

**رێنمایی ژمارە(١)ی سالّی ٢٠١٩ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی** — ل ٢٩

رێنمایی تایبەت بەدروست کردنی مزگەوت و هۆڵی بۆنەکان لەلایەن خێرخوازانەوە

**رێنمایی دارایی ژمارە (١٢)ی سالّی ٢٠١٩ وەزارەتی دارایی و ئابووری** — ل ٣٥

رێنمایی تایبەت بە گواستنەوەی فەرمانبەرانی گرێبەست

**رێنمایی دارایی ژمارە (١٣)ی سالّی ٢٠١٩ وەزارەتی دارایی و ئابووری** — ص٣٦

رێنمایی تایبەت بەخواردنی بەندییەکان

**بەیانی ژمارە(١)ی سالّی ٢٠١٩ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن** — ل ٣٧

هەمواری بەیانی ژمارە(٤)ی سالّی ٢٠١٦ تایبەت بە(قەدەغەکراوەکانی رێگا گشتییەکان و پردەکان)

**بەیانی ژمارە (١ – ٢ - ٣)ی سالّی ٢٠١٩ وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلاّیەتی** — ل ٣٨

**بەیانی ژمارە ( ٣٤ – ٣٥ – ٣٦ - ٣٧ )ی سالّی ٢٠١٩ وەزارەتی تەندروستی** — ل ٣٩

**بەیانی ژمارە (١٠)ی سالّی ٢٠١٩ وەزارەتی ناوخۆ** — ل ٤٠

هەمواری سێیەمی رێنمایی ژمارە (٣)ی سالّی ٢٠١٦

http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران بالەخانەی وەزارەتی داد.
☎: (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٤٣) السنة التاسع عشر ٢٠/تشرين الثاني/ ٢٠١٩ ميلادي ٢٩/گەلأريزان/ ٢٧١٩/كوردي ٢٣/ ربيع الأول/١٤٤١ هجري

243

## فـي هذا العدد:

**بيان رقم (١٠) لسنة ٢٠١٩ وزارة الداخلية** ص ٤٠

بيان التعديل الثالث لتعليمات عمل مكاتب و شركات تعليم السياقة المرقم (٣) لسنة ٢٠١٦

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**

**تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠١٩ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي** ص ١

**تعليمات رقم (٦) لسنة ٢٠١٩ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي** ص ١٢

**تعليمات رقم (٧) لسنة ٢٠١٩ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي** ص ٢٢

**تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠١٩ وزارة ألاوقاف والشؤون الدينية** ص ٢٩

**تعليمات رقم (١٢) لسنة ٢٠١٩ وزارة المالية والاقتصاد** ص ٣٥

**تعليمات رقم (١٣) لسنة ٢٠١٩ وزارة المالية والاقتصاد** ص ٣٦

**بيان رقم (١) لسنة ٢٠١٩ وزارة الاعمار والاسكان** ص ٣٧

**بيان رقم (١ – ٢ - ٣) لسنة ٢٠١٩ وزارة العمل والشؤن الاجتماعية** ص ٣٨

**بيان رقم (٣٤ – ٣٥- ٣٦ - ٣٧) لسنة ٢٠١٩ وزارة الصحة** ص ٣٩

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region, Publishing by Ministry of Justice

No. 243 Date : November , 20 , 2019 Vol.: 19

چاپخانەی شەهاب هەولێر

http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل
☎ : (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**ژمارەی : ١٧٦٠١ لە ٢٠١٩/١٠/٢٧**

## ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩
## ڕێنمایی خوێندنی باڵا/ماستەر لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩- ٢٠٢٠)

ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (٥)ی ئەنجومەنی وەزارەت کە لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/١) و (٢٠١٩/١٠/٦) ئەنجام درابوو، بڕیاردرا بە دەرکردنی ڕێنمایی خوێندنی باڵا/ماستەر لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**تەوەری یەکەم/ مەرجەکانی پێشکەش کردن:**

**١- مەرجی تێکرای نمرە (معدل)ی بەکالۆریۆس:**

أ. مەرجە تێکرای نمرە (معدل)ی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی پێشکەشکار لە (٦٠%) کەمتر نەبێت، جگە لە دەرچووانی کۆلێژ/ فاکەڵتی/سکوڵەکانی (پزیشکی، پزیشکی ددان، دەرمانسازی) کە ڕەچاوی تێکرای نمرەیان بۆ ناکرێت، لێرەدا تێکڕای نمرەی (٦٠%) هیچ خاڵ وەرناگرێت بۆ چوونە ناو پێشبرکێ ، بەزیادبوونی هەر نمرەیەک لەتێکرای نمرەی بەکالۆریۆس خاڵێک وەردەگرێت (بۆ نموونە ئەگەر پێشکەشکارێک تێکرای نمرەی بەکالۆریۆسی (٦٥%) بوو (٥) خاڵی پێ دەدەرێت بۆ چوونە ناو پێشبرکێ، ئەگەر پێشکەشکارێکی دیکە تێکرای نمرەی (٧٠%)ی هەبوو ئەوا (١٠) خاڵی پێدەدرێت.

ب.ئەو پێشکەشکارانەی تێکرای نمرە (معدل)ی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠%) کەمترە، ئەوا مەرجە دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بخوێنن، دواتر مافیان هەیە پێشکەشی خوێندنی باڵا/ماستەر بکەن بە شێوەیەک کە ڕێژەی (٦٠%)ی نمرە لەسەر کۆنمرەی دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی ئەکادیمی دەبێت و ڕێژەی (٤٠%)ی نمرە لەسەر کۆنمرەی بەکالۆریۆس دەبێت، هەر بڕوانامەیەکی دیبلۆمی باڵا کە لە لایەن زانکۆکان نەبەخشرابێت ئەوا هەژمار ناکرێت بۆ ئەم مەبەستە

**٢- مەرجی ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی لە کاتی پێشکەشکردن:** لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن هەموو خوازیارێك مافی پێشکەشکردنی بۆ خوێندنی باڵا/ماستەر هەیە بەبێ هەبوونی مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی، بەڵام مەرجە قوتابی/خوێندکاری وەرگیراو لەگەڵ دەستپێکردنی خوێندنی ئەکادیمی و پێش تاوتوێکردنی ماستەرنامەکەی یەکێک لەم دوو مەرجانەی خوارەوە سەبارەت بە توانستی زمانی ئینگلیزی دەستەبەر بکات، بە پێچەوانەوە ئەگەر مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی داواکراوی هاتوو لە خاڵی (أ یان ب)ی خوارەوەی لە ماوەی یاسایی خوێندن و ماوەی درێژکردنەوەی خوێندن بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان بەدەست نەهێنا، ئەوا ڕاستەوخۆ فەرمانی سرینەوەی ناو (ترقین قید)یان لە زانکۆکان بۆ دەردەکرێت:-

**أ-** مەرجە قوتابی/خوێندکاری وەرگیراو بەشداری بکات لە خولی فێرکاری زمانی ئینگلیزی لە سێنتەرەکانی زمانی زانکۆ حکومیەکانی کوردستان و تاقیکردنەوەی دیاریکردنی ئاست (Placement Test) ئەنجام بدات بەپێی ئاستەکەی بەشدار بێت لە خولەکە هەر وەکو لە خشتەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە و دواتر مەرجە قوتابی/خوێندکاری وەرگیراو بۆ گشت بوارەکان ئاستی (Pre-intermediate)ی لە سێنتەرەکانی زمان بە سەرکەوتوویی تەواو بکات و لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ئاستەکە دەربچێت.

| ئاست دوای تەواوکردن | PTE | TOEFL-PBT | TOEFL-iBT | IELTS-Academic | کۆد | ئاست (Level) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| A2 | 1-24 | 1-370 | 1-19 | 3یان کەمتر | A1 | Beginner |
| B1 | 25-35 | 371-383 | 20-30 | 3.5 | A2 | Elementary |
| B2 | 36-51 | 384-413 | 31-58 | 4و 4.5 | B1 | Pre-intermediate |
| C1 | 52-66 | 414-496 | 59-72 | 5و 5.5 | B2 | Intermediate |

ب- یان مەرجە نمرەی (5)ی لە تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی (IELTS- Academic) یاخود هاوتاکانی وەکو (Academic-PTE PEARSON ,TOEFL-iBT, TOEFL-PBT) بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت.

**تێبینی:**

أ. سەبارەت بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی توانستی زمانی ئینگلیزی وەکو ( IELTS-Academic، TOEFL، Academic-PTE Pearson) تەنها لە سێنتەرەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) کاری پێدەکرێت، هەروەها لەگەڵ وڵاتانی (ئەمریکا و بەریتانیا و کەنەدا و نیوزلەندا و ئوسترالیا). بە پێچەوانەوە کاری پێناکرێت.

ب.پێویستە لەسەر زانکۆکان ڕاست و دروستی (صحة صدور) بۆ بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی تاقیکردنەوەکانی (IELTS و TOEFL و PEARSON Academic-PTE )ی پێشکەشکاران بکەن.

ج. بڕوانامەی خولی زمانی ئینگلیزی سێنتەرەکانی زمانی زانکۆ حکومیەکانی کوردستان کە لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٩) بە شێوازی نوێ کراوەتەوە بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ کاری پێدەکرێت. هەروەها تاقیکردنەوە نێودەوڵەتیەکانی زمانی ئینگلیزی وەکو (IELTS- Academic ، TOEFL، PEARSON Academic-PTE) بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ (لەسەر بنەمای ڕێکەوتی تاقیکردنەوە) کاری پێدەکرێت بە مەرجێك بڕوانامەکانی ( TOEFL، PEARSON Academic-PTE) کە ماوەی دوو ساڵیان بەسەر تێپەریووە، پێویستە پێشووتر ڕاست و دروستی بۆ بڕوانامەکانیان لە زانکۆکان ئەنجام درابێت.

د. ئەو پێشکەشکارانەی هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)ن لە پسپۆڕی زمانی ئینگلیزی و وەرگێڕان، پێویستە تاقیکردنەوەی توانستی زمانی ئینگلیزی ئەنجام بدەن و هەمان ئاستی خالی (٢- مەرجی زمانی ئینگلیزی) لە (تەوەری یەکەم)ی ئاماژەی پێدراوە لەسەریان جێبەجێ دەکرێت.

ه. ئەگەر لە کاتی پێشکەشکردن، پێشکەشکار توانستی زمانی ئینگلیزی بەپێی خشتەی خالی (أ)ی سەرەوە هەبوو، ئەوا بۆ هەر ئاستێك (٢) دوو خاڵ بە پێشکەشکار دەدرێت لە کاتی چوونە ناو پێشبرکێ.

**٣- مەرجی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی:**

أ- مەرجە پێشکەشکار لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەربچێت (واتە مەرجە بە لایەن کەم ١٥ نمرەی لە ٣٠ نمرەی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوە بەدەست بهێنێت، بەپێچەوانەوە مافی چوونە پێشبرکێی نییە)، لێرەدا نمرەی (١٥) پانزە لە تاقیکردنەوە هیچ خاڵ وەرناگرێت واتە (٠) سفر (خاڵ)ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک (١) یەک خاڵی بۆ زیاد دەکرێت (بۆ نمونە ئەگەر پێشکەشکار نمرەی (١٦)ی هێنا لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی، ئەوا (١) یەك خاڵ وەردەگرێت بۆ بەشداریکردن لە پێشبرکێ، ئەگەر نمرەی (٢٠) بیستی بەدەست هێنا ئەوا (٥) پێنج خاڵی پێ دەدرێت بۆ بەشداریکردنی لە پێشبرکێ).

ب- پێویستە لیژنەیەکی زانستی تایبەت لەسەر ئاستی کۆلێژ یان بەش سەرپەرشتی تاقیکردنەوەکان بکات.

ج- پێویستە لەگەڵ پێشکەشکردنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لە لایەن مامۆستایان، وەڵامی نمونەیی پرسیارەکان پێشکەش بە لیژنەی تاقیکردنەوەکان بکرێت.

**٤- مەرجی تەمەن :**

میچ (سقف)ی تەمەن مەرجە بۆ پێشکەشکردن، واتە نابێت تەمەنی خوازیار لە (٥٠) پەنجا ساڵ (لەسەر بنەمای ساڵی لەدایکبوون) زیاتر بێت، لە سەروی (٥٠ ساڵ) دەتوانێت بە شێوازی پارالێل پێشکەشی بکات.

**٥- مەرجی ساڵانی خزمەت و تێپەڕبوونی ماوەی پێویست بەسەر دەرچووندا:**

أ- بۆ خوازیارانی دامەزراو (واتە فەرمانبەری هەمیشەیی بن لە یەکێک لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق)، پێشکەشکار مەرجە (٢) دوو ساڵی تەواوی خزمەتی فیعلی دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و دامەزراندنی هەبێت تا ڕێکەوتی دەستپێکردنی خوێندنی ماستەرەکەی، بەپێچەوانەوە مافی پێشکەشکردنی نییە.

ب- ئەو خوازیارانەی کە دانەمەزراون لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەبێ هەبوونی مەرجی دوو ساڵی دەرچوون و تێپەڕین بەسەر بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، راستەوخۆ مافی پێشکەشکردنیان هەیە و پێویستە خوازیاران بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پێشکەش بکەن کە لە هیچ دامودەزگایەکی میری (حکومی) دانەمەزراون، بە پێچەوانەوە خوێندنەکەی هەڵدەوەشێتەوە و ڕێکاری یاسایی بەرامبەری دەگیردرێتەبەر.

**تێبینی:** خاڵەکانی تێکرای نمرەی بەکالۆریۆس و نمرەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی و توانستی زمانی ئینگلیزی (ئەگەر هەیبوو) دەبنە پێوەر بۆ پێشبرکێ لە نێوان پێشکەشکاران بە پێی پلان.

**تەوەری دووەم/ مەرج و پێداویستی کردنەوەی خوێندنی ماستەر:**

١- بۆ کردنەوەی خوێندنی ماستەر لە هەر بەشێکی زانستی مەرجە بە لایەنی کەم (٣) سێ پرۆفیسۆری یاریدەدەر یان (٤) چوار هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا کە دوو توێژینەوەی بڵاوکراوەی (محکم)ی دوای دکتۆرای هەبێت کە پسپۆڕی گشتیان لە هەمان بواری بەشەکە بێت و مەرجیشە ئەو مامۆستایانە لەسەر میلاکی هەمیشەیی بەشی زانستی بن یان خانەنشینکراوی هەمان بەش بن یاخود گرێبەست یان تەنسیبکراو بن لە هەمان ئەو بەشە یاخود شەراکەتی ئەکادیمیان لەگەڵ زانکۆکان هەبێت لە ڕێگەی ڕێکەوتننامە و خستنەرووی بە دۆکیومێنت، لێرەدا پێویستە ئەو بەڕێزانە کە ستافی بەشێکی دیاریکراون دووبارە نەبنەوە لە بەشێکی تر و میچی سەرپەرشتیان بەپێی ڕێنماییەکان تێنەپەراندبێت.

٢- پێویستە بەشەکە بە لایەنی کەم (١) یەك خولی دەرچوونی بەکالۆریۆسی هەبێت.

٣- سەبارەت بە کردنەوەی خوێندنی ماستەر لە بەشە هاوشێوەکانی هەمان زانکۆ وەکو (کوردی و کوردی، عەرەبی و عەرەبی، ئینگلیزی و ئینگلیزی، کیمیا و کیمیا...هتد) دەکرێت ستافی هەردوو بەشەکە لە کاتی هەبوونی مەرجەکانی خاڵی (١ و ٢) یەك و دووی سەرەوە خوێندنی ماستەر بکەنەوە.

٤- سەبارەت بە پسپۆڕی بۆ کۆمەڵەی پزیشکیەکان، مەرجەکانی خاڵی (١ و ٢) یەك و دووی سەرەوە لەسەر ئاستی (کۆلیژ/ سکوڵ) ئەژمار دەکرێت.

٥- پێویستە زانکۆکان پلانی خوێندنی باڵا/ماستەر ئامادە بکەن لەو بەشانەی کە پێشووتر خوێندنی ماستەریان تێدا کراوەتەوە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧) و ئێستاش مەرجی خاڵی (١)ی سەرەوە و پێداویستی بەردەوامیان تێدایە، واتە بەپێی بوونی مامۆستای پسپۆڕ بە پلەی زانستی پێویست بەپێی ڕێنماییەکان و بوونی پێداویستیە زانستییەکانی دیکە بۆ خوێندنی باڵا/ماستەر.

٦- سەبارەت بەو بەشانەی کە دەیانەوێت خوێندنی باڵا/ ماستەر بکەنەوە بۆ یەکەم جار و مەرجەکانی خاڵی (١ و ٢) یەك و دووی سەرەوەیان تێدایە و یەك خولی بەکالۆریۆسیان دەرچوواندووە، دەتوانن پرۆپۆزەلی کردنەوەی خوێندنی باڵا/ماستەر پێشکەش بە وەزارەت بکەن بۆ مەبەستی رەزامەندی و پەسەندکردنی.

٧- ماوەی خوێندنی ماستەر لەم سیستمەدا بریتیە لە (٢) دوو ساڵ، لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی کۆلیژە کە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری یەکەم بە مووچە ماوەکە درێژ بکاتەوە و لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی زانکۆیە بۆ ماوەی(٦) شەش مانگ بۆ جاری دووەم بەمووچە ماوەکە درێژی بکاتەوە(کە دوایین درێژکردنەوەیە)بە پێچەوانەوە قوتابی/خوێندکاری ماستەر فەرمانی سرینەوەی ناو (ترقين القيد)ی لەخوێندن بۆ دەردەچێت.

٨- بەپێی بریاری ئەنجومەنی وەزارەت لە کۆبوونەوەی ژمارە (٥) کە لە رێکەوتی (٢٠١٥/٦/٢٩) ئەنجامدرا، رەزامەندی دراوە لەسەر کردنەوەی خوێندنی باڵا/ ماستەر لە دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی بە هاوبەشی لەگەڵ یەکێک لە زانکۆکان، وە بڕوانامەی ماستەر لە لایەن زانکۆیەکەوە بەهاوبەشی دەدرێت و لۆگۆ (ئارم)ی هەردوو لای لەسەر دەبێت.

**تەوەری سێیەم/ سەبارەت بەو خوازیارانەی کە دانیشتووی دەرەوەی هەرێمی کوردستانن یان هەڵگری رەگەزنامەی عێراقی نین:**

١. هاوڵاتی عێراقی دانیشتووی دەرەوەی هەرێمی کوردستان مافی پێشکەشکردنی هەیە بۆ خوێندنی باڵا/ماستەر بە سیستمی پاراڵێل بە هەمان مەرج و پێوەرەکانی هاتوو لەم رێنماییە.

٢. سەبارەت بەو خوازیارانەی کە دانیشتووی دەرەوەی عێراقن (واتە هەڵگری رەگەزنامەی عێراقی نین) و پێشکەشکاری نێودەوڵەتین، ئەوا مافی پێشکەش کردنیان بۆ خوێندنی باڵا/ماستەر هەیە بە هەمان مەرج و پێوەرەکانی هاتوو لەم رێنماییە و ئەگەر لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەرچووان، ئەوا راستەوخۆ بە سیستمی پاراڵێل وەردەگیرێن و ناچنە پێشبرکێ، مەبەست لەم هەنگاوە بریتییە لە هاندانی پێشکەشکاری نێودەوڵەتی بۆ مەبەستی درێژەپێدانی خوێندنی ماستەر لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە پێشکەشکار بەڵێننامەی یاسایی لە سەرۆکایەتی زانکۆ پڕبکاتەوە کە هەڵگری رەگەزنامەی عێراقی نییە.

**تەوەری چوارەم : پێداویستیە زانستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر:-**

١- سەبارەت بە تاقیکردنەوەی کۆرسەکان:-

أ- مەرجە قوتابی/ خوێندکاری ماستەر لە تاقیکردنەوەی کۆرسەکان دا نمرەکەی لە (٦٠%) کەمتر نەبێت لە هەر یەک لەو بابەتانە و لە کۆتایی هەردوو وەرزەکەدا تێکرای نمرە (معدل)ی لە (٧٠%) کەمتر نەبێت، بە پێچەوانەوە بە پێی رێنماییەکانی خوێندنی باڵا سرینەوەی ناو (ترقين القيد)یان بۆ دەردەکرێت.

ب- ئەگەر قوتابی/ خوێندکاری ماستەر لە کۆرسی یەکەم لە نیوەی زیاتری بابەتەکان دەرنەچوو، ئەوا سڕینەوەی ناو (ترقين قيد) دەکرێت و مافی چوونە نێو کۆرسی دووەمی نابێت.

٢- قوتابی/خوێندکاری ماستەر لە سەرجەم بوارەکان واتە لەبواری (زانستە پەتی و سروشتی و پراکتیکی و زانستە پزیشکیەکان) و لە بواری (زانستە مرۆڤایەتییەکان)، مەرجە پێش تاوتوێکردنی ماستەرنامەکەی (١) یەك توێژینەوەی زانستی هەڵێنجراو لە ماستەرنامەکەی لە گۆڤارێکی زانستی باوەڕپێکراو (معتمد) بڵاوبکاتەوە.

٣- پێویستە ماستەرنامەی قوتابی/خوێندکاری ماستەر بەشدارییەکی ڕەسەن بێت لە بەرهەمهێنانی مەعریفە لە بوارەکەیدا و هەڵسەنگاندنیش بریتی دەبێت لە گفتوگۆی زانستی ماستەرنامەکە لەلایەن لێژنەیەکی پسپۆڕەوە و بەپێی ڕێنماییەکانی گفتوگۆی زانستی.

٤- **ناوەڕۆکی کۆڕسە ئەکادیمییەکان** بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:-

**أ- ساڵی یەکەم: کۆڕسی یەکەم:** کۆرسێکی ئامادەکاری دەبێت بۆ وانەکانی:

١. زانستی کۆمپیوتەر (لە لایەن سێنتەری کۆمپیوتەر یان بەشی زانستی کۆمپیوتەری زانکۆ پیادە دەکرێت)، ئامانج لێی ئەوەیە کە قوتابی/ خوێندکار بڕوانامەی (ICDL) یان (IC3) یان بڕوانامەی لەو جۆرە سۆفتوێر و ئەپلیکەیشنانە بەدەستبهێنێت کە پەیوەندیدارە بە خوێندنەکەی.

٢. زمانی ئینگلیزی (Academic English) (لە لایەن سێنتەری زمانی زانکۆکانەوە پیادە دەکرێت) ئەم کۆڕسە جەخت لەسەر پسپۆری ئینگلیزی پێشکەشکار دەکرێت واتە (English for technicalpurpose).

٣. میتۆدۆلۆجی (لە لایەن سێنتەری توێژینەوەی زانستی زانکۆوە پیادە دەکرێت) و پێویستە کتێبی تایبەت بە (میتۆدۆلۆژی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان) دیاری بکرێت (تاقیکردنەوە لەسەر ئاستی زانکۆ بەشێوەی ناوەندی دەبێت).

٤. دوو وانەی پسپۆڕی (لە لایەن بەشی زانستییەوە پیادە دەکرێت).

٥. ماوەی ئەم کۆڕسە (١٥) هەفتە دەبێت بە تاقیکردنەوەکانیشەوە.

٦. بۆ هەر وانەیەك پێویستە (٢ بۆ ٤) کاتژمێری تیۆری بخوێندرێت لە هەفتەیەکدا.

٧. بۆ هەر وانەیەك پێویستە لە بەرامبەر (١) کاتژمێری تیۆری (٣) کاتژمێری ئەرکی (Workload) (قوتابی/ خوێندکار) هەفتانە ئەنجام بدرێت.

٨. دەرچوون و بەدەستهێنانی پێداویستیەکانی کۆرسەکە مەرجە بۆ پەرینەوە بۆ کۆرسی دووەم.

٩. ئامادەکردنی (١) یەک پەیپەر (Review Paper) کە لە (٣٠٠٠) سێ هەزار وشە کەمتر نەبێت لە ماوەی کۆڕسەکەدا، بۆ وانەکانی (میتۆدی زانستی و وانە پسپۆڕییەکان ) بە پەیڕەوکردنی (میتۆدی توێژینەوە).

١٠. بۆ هەڵسەنگاندنی پەیپەرەکان پێویستە مامۆستایەکی هەمان پسپۆری وەك (Second marker) هەڵسەنگاندن بۆ پەیپەرەکە بکات و (٥٠%)ی نمرەکە دابنێت.

١١. ئامادەکردن و پێشکەشکردنی (٤) سیمینار (پریزێنتەیشن) لە وانەی (Academic English) لە ماوەی کۆڕسەکەدا، بە پەیڕەوکردنی بنەمای (میتۆدی توێژینەوە).

١٢. لە (٥٠%)ی نمرەی کۆتایی کۆرسەکە بۆ هەر وانەیەك لەسەر پەیپەرەکان دەبێت.

١٣. هەر قوتابی/ خوێندکارێك ئاستی (زانستی کۆمپیوتەر و زمانی ئینگلیزی) بەپێی پێوەرەکان ئامادە کردبێت، لەم کۆڕسەدا بۆی هەژمار دەکرێت و بەشداری لەو وانانەدا (ئیلزامی) نابێت.

| سالی یەکەم، کۆرسی دووەم، ماوەی (١٥ هەفتە) بە تاقیکردنەوەکانیشەوە | | | |
|---|---|---|---|
| ژمارەی وانەکان (٤ وانە) لە هەفتەیەکدا | ژمارەی کاتژمێرەکان (١٠-١٢) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | ئەرکی خوێندکار (wor kl oad) (٣٠-٣٥) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | تێبینی |
| (٤) وانەی پسپۆریی بە پەیڕەوکردنی پرۆسەی (دڵنیایی جۆری فێرکردن) | (٢-٤) کاتژمێری هەفتانە بۆ هەر وانەیەک | ئامادەکردنی پەیپەرێکی (٤٠٠٠-٥٠٠٠) وشەیی، بۆ هەر وانەیەک بە پەیڕەوکردنی (میتۆدی توێژینەوە) | -دیاریکردنی مەرجی بەکارهێنانی سەرچاوەی نوێ.<br>-بۆ هەڵسەنگاندنی پەیپەرەکان (second marker) هەبێت و (٥٠%)ی نمرەکە دابنێت.<br>-لە (٥٠%) ی نمرەی کۆتایی کۆڕسەکە بۆ هەر وانەیەک لەسەر پەیپەرەکان دەبێت.<br>-پێویستە لە کۆڕسەکاندا سەرجەم ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆریی جێبەجێ بکرێت (کۆرس بووک، فیدباک، تاقیکردنەوە، تا دوایی). |

**ب - ساڵی یەکەم/ کۆڕسی دووەم:** کۆڕسێکی پسپۆری دەبێت:

١- ماوەی ئەم کۆڕسە (١٥) هەفتە دەبێت بە تاقیکردنەوەکانیشەوە.

٢- خوێندنی (٣-٤) وانەی پسپۆڕی (لە لایەن بەشی زانستیەوە پیادە دەکرێت) بە پەیڕەوکردنی پرۆسەی (دڵنیایی جۆری فێرکردن).

٣- بۆ هەر وانەیەک پێویستە (٢٠-٢٥) کاتژمێری وانەی تیۆری (محاضرات نظرية) بخوێنرێت لە کۆڕسەکەدا.

٤- بۆ هەر وانەیەک پێویستە لە بەرامبەر (١) کاتژمێری تیۆری (٣) کاتژمێری ئەرکی (قوتابی/ خوێندکار) هەفتانە ئەنجامبدرێت.

٥- ئامادەکردنی (١) یەک پەیپەری (Review Paper)ی (٤٠٠٠- ٥٠٠٠) وشەیی، بۆ هەر وانەیەک بەپەیڕەوکردنی (میتۆدی توێژینەوە).

٦- بۆ هەڵسەنگاندنی پەیپەرەکان پێویستە مامۆستایەکی هەمان پسپۆڕیی وەک هەڵسەنگێنەریی دووەم (second marker) هەڵسەنگاندن بۆ پەیپەرەکان بکات و (٥٠%) ی نمرەکە دابنێت.

٧- (٥٠%)ی نمرەی کۆتایی کۆڕسەکە بۆ هەر وانەیەک لەسەر پەیپەرەکە دەبێت.

| سالی یەکەم، کۆڕسی یەکەم، ماوەی (١٥ هەفتە) بە تاقیکردنەوەکانیشەوە | | | |
|---|---|---|---|
| ژمارەی وانەکان (٥ وانە) لە هەفتەیەکدا | ژمارەی کاتژمێرەکان (١٠-١٢) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا | ئەرکی خوێندکار (Workload) (٣٠-٣٥) کاتژمێر کارکردن لە هەفتەیەکدا | تێبینی |
| وانەی (میتۆدی توێژینەوە) بە مەرجێك کتێبی مەنهەجی (Textbook)ی نوێ دیاری بکرێت. | (٢) دوو کاتژمێری هەفتانە | ئامادەکردنی (١) یەک پەیپەری (٣٠٠٠) وشەیی (کوانتیتەتیڤ، کوالیتەیتیڤ) بە پەیرەوکردنی (میتۆدی توێژینەوە) | ✓ دیاریکردنی مەرجی بەکارهێنانی سەرچاوەی نوێ.<br>✓ بۆ هەڵسەنگادنی پەیپەرەکان (Second marker) هەبێت و (٥٠%)ی نمرەکە دابنێت.<br>✓ لە (٥٠%)ی نمرەی کۆتایی کۆڕسەکە بۆ هەر وانەیەك لەسەر پەیپەرەکان بێت.<br>✓ پێوستە لە کۆڕسەکاندا سەرجەم ڕێنماییەکانی دڵنیایی جۆری جیبەجێبکرێت (کۆڕسبووك، فیدباك، تاقیکردنەوە..تا دوایی) |
| وانەی ئینگلیزی ئەکادیمی (نووسین و قسەکردن) (Academic English: Writing & Speaking) | (٤) چوار کاتژمێری هەفتانە | ئامادەکردنی (٤) سیمینار (پریزێنتەیشن)، بە پەیرەوکردنی (میتۆدی توێژینەوە) | |
| دوو وانەی پسپۆری بە پەیرەوکردنی (دڵنیایی جۆری فێرکردن) | (٢) دوو کاتژمێری هەفتانە بۆ هەر وانەیەك | ئامادەکردنی (١) یەک پەیپەری (٣٠٠٠) وشەیی بە پەیرەوکردنی (میتۆدی توێژینەوە) | |
| وانەی زانستی کۆمپیوتەر (ICDL) | بە سەرپەرشتی (سەنتەری کۆمپیوتەر) یان (بەشی زانستی کۆمپیوتەر) | | |

**ج. ساڵی دووەم: مەرجەکانی پێش دەستپێکردن:**

١. تەواوکردنی وانەکانی هەردوو کۆرسەکانی ساڵی یەکەم.

٢. پەسەندکردنی دۆسیەی دەرچووانی هەردوو کۆرسی ساڵی یەکەم لە لایەن راگرایەتی و سەرۆکایەتی زانکۆوە.

**د. ساڵی دووەم: پرۆسەی نووسین و سەرپەرشتیکردن:-**

١. پێویستە کە (قوتابی/ خوێندکار) لە کۆرسی دووەمی ساڵی خوێندنی یەکەمەوە ناونیشانێک پێشکەش بە بەشی زانستی بکات بۆ ئەوەی دواتر کاری لەسەر بکات.

٢. لە سەرەتای ساڵی دووەمەوە پێویستە (قوتابی/ خوێندکار) پرۆپۆزەلێک لەسەر ناونیشانەکەی ئامادە بکات و پێشکەشی بکات.

٣. بەشی زانستی لیژنەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆپۆزەلەکە و پەسەندکردنی پێکدێنێت.

٤. لەساڵی دووەمی خوێندندا (قوتابی/خوێندکار) پابەند دەبێت بەرێژەی ئامادەبوونی هەفتانە بەسەرپەرشتی سەرپەرشتیار و بەشی زانستی بەپێی ڕێنماییەکانی خوێندنی باڵا.

٥. فۆرمی تایبەت بە دیداری (قوتابی/ خوێندکار) و مامۆستای سەرپەرشتیار لە بەشە زانستیەکاندا هەفتانە ئیمزا دەکرێت و بنەمایەک دەبێت بۆ ئەرک و مافەکانی (قوتابی/ خوێندکار) و مامۆستای سەرپەرشتیار.

| **ساڵی دووەم: نووسینی ماستەرنامە** | | |
|---|---|---|
| **قۆناغی یەکەم** | **قۆناغی دووەم** | **قۆناغی کۆتایی** |
| پەسەندکردنی پرۆپۆزەڵ (پێوەری میتۆدۆلۆژی) | نیوەی ماستەرنامە (٤٠% بۆ ٦٠%) | تەواوکردنی ماستەرنامەو سیمیناری ئامادەبوونی بۆ گفتوگۆکردن. |

**خشتەی چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان (hours) بۆ بەدەستهێنانی یەکە (credit):**

١. ژمارەی یەکە (credit)ی بەدەستهاتوو بۆ هەر کۆرسێک، بەم شێوەیە دەبێت:

| **چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان (hours) بۆ بەدەستهێنانی یەکە (credit)** | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان هەفتەیەک (٥٠) کاتژمێر | | | | | | |
| کۆی کاتژمێرەکانی کۆرسێک (٧٥٠) کاتژمێر | | | | یەکە (credit) بۆ هەر کۆرسێک (٣٠) یەکە | | |
| (١٠+٣٠+١٠=٥٠) کاتژمێر | | | | (٥٠ × ١٥ =٧٥٠) کاتژمێر | | ٧٥٠ ÷ ٢٥= (٣٠) یەکە |
| کاتژمێری وانەکان (محاضرات) | یەکە (Credit) بۆ هەر کۆرسێک (٣٠) یەکە ئەرکەکان (Workload) | کاتژمێری تەرخانکراو بۆ پەیپەرو سیمینار | کاتژمێرەکانی هەفتەیەک | ژمارەی هەفتەکانی کۆرس | ژمارەی کاتژمێرەکانی کۆرسێک | ژمارەی کاتژمێر پێویست بۆ یەکەیەک. |
| (١٠) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا. | (٣٠) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا. | (١٠) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا. | (٥٠) کاتژمێر | (١٥) هەفتە | (٧٥٠) کاتژمێر | (١) یەکە= (٢٥) کاتژمێر. |

٢. ژمارەی یەکە (Credit)ی بەدەستهاتوو بۆ ساڵی نووسینی ماستەرنامە، بەم شێوەیە دەبێت:

| چۆنیەتی دابەشکردنی کاتژمێرەکان (HOURS) لە ساڵی نووسینی ماستەرنامە بەرامبەر یەکە (CREDIT)ی پێویست. | | |
|---|---|---|
| کۆی ڕۆژەکان | ژمارەی کاتژمێری کارکردن لە ڕۆژێکدا | کۆی یەکەی بەدەستهاتوو بۆ ساڵەکە |
| (٣٠٠) ڕۆژ | (٥) کاتژمێر لە ڕۆژێکدا | (٣٠٠ × ٥ = ١٥٠٠) کاتژمێر |
| ١٥٠٠ ÷ ٢٥ = ٦٠ یەکە (CREDIT) | | |

٣.ژمارەی یەکە (CREDIT)ی بەدەستهاتوو بۆ هەردوو ساڵی خوێندنی ماستەر، بەم شێوەیە دەبێت:

| چۆنیەتی یەکە (CREDIT)کانی هەردوو ساڵی خوێندنی ماستەر | | |
|---|---|---|
| کۆرسی یەکەم | کۆرسی دووەم | ساڵی نووسینی ماستەرنامە |
| (٣٠) یەکە (CREDIT). | (٣٠) یەکە (CREDIT). | (٦٠) یەکە (CREDIT). |
| ٣٠+٣٠+٦٠= (١٢٠) یەکە (CREDIT) | | |

**تەوەری پێنجەم: تێبینیە گشتییەکان:-**

١.مەرجە خوازیار پێشکەشی هەمان بواری خوێندنی باڵا/ماستەر بکات لەسەر بنەمای پسپۆڕی بڕوانامەی بەکالۆریۆسەکەی، بەڵام سەبارەت بەو بەش و پسپۆڕیانەی کە لێک نزیکن یان لێکچوون هەیە لە نێوان پسپۆڕی هەردوو بەکالۆریۆس و ئەو پسپۆڕییەی کە خوازیار دەیەوێت لە خوێندنی باڵا/ماستەر پێشکەش بکات ئەوا دوای ئەنجامدانی بەراوردی زانستی (المقاصة العلمية) لە لایەن لیژنەی زانستی بەش لە نێوان بڕوانامەی هەردوو بەکالۆریۆس و دەستنیشانکردنی پێداویستی لە خوێندنی چەند بابەتێک، دەتوانێ داواکاری پێشکەش بکەن. بەڵام مەرجە ئەنجامدانی بەراوردی زانستی (المقاصة العلمية) لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن و پێش ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی ئەنجام بدرێت. لە کاتی دەرچوونی قوتابی/خوێندکار بەم شێوەیە پێویستە ئەو بابەتانەی کە لیژنەی زانستی داوای کردووە وەربگرێت و تێیدا دەربچێت و نمرەی (٦٠%) کەمتر نەبێت بۆ هەر بابەتێک پێش دەستپێکردنی خوێندنی ماستەر.

٢.کاندیدانی خولی دووەم و سێیەمی بەرنامەی تواناسازی مرۆیی بۆ خوێندنی ماستەر ئەوانەی تا ئێستا مامەڵەکانیان پرۆسێس نەکراوە و سەفەری دەرەوەیان نەکردووە بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن بە خوێندن، دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن، ئەگەر لە پێشبرکێ سەرکەوتوو بن و بە فەرمی وەرگیران ئەوا ناویان لە لیستی کاندیدانی تواناسازی دەسڕێتەوە، بەڵام ئەگەر وەرنەگیران ئەوا مافیان وەك کاندیدی تواناسازی پارێزراو دەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێشکەشکار پێویستە لە (وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/ فەرمانگەی نێردراوان و پەیوەندیە رۆشنبیرییەکان) نووسراوی فەرمی بهێنێت کە مامەڵەکەی پرۆسێس نەکراوە و سەفەری دەرەوەی نەکردووە بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن بە خوێندن.

٣. ئەو کاندیدانەی بە پێی پرۆگرامی تواناسازی مرۆیی نێردراوان بۆ دەرەوەی وولات و یان بە هەر شێوازێکی تر وەکو (بعثات) و (زمالات) لە ئێستادا گەڕاونەتەوە و خوێندنیان تەواو نەکردووە بە هۆکاری جیا جیا، یان بە هەمان شێوە لە ناوەوەی وڵات خوێندنیان تەواو نەکردووە و سڕینەوەی ناو (ترقين القيد) کروان بە هۆکاری جیا جیا، مافی پێشکەشکردنیان نییە تا تێپەربوونی (٣) سێ ساڵ بەسەر گەڕانەوەیان و سڕینەوەی ناویان.

٤.هیچ مامەڵەیەکی پێشکەشکردن وەرناگیرێت، ئەگەر سەرجەم دۆکیۆمێنتەکان تەواو نەبێت تا دواین رۆژی پێشکەشکردن، بە پێچەوانەوە خوازیار مافی بەشداربوونی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی نابێت و یاریدەدەری سەرۆک زانکۆکان بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا بەرپرسیارن لە وردبینی کردنی دۆکیۆمێنتەکان و دەستنیشانکردنی لیستی ئەو پێشکەشکارانەی کە مافی تاقیکردنەوەی توانستی زانستیان هەیە، هەروەها لیژنە تایبەتەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی چاودێری و وردبینی دۆکیومێنتەکان و پرۆسەی پێشکەشکردن دەکەن.

٥.ئەو خوازیارنەی کە ئارەزوومەندن بۆ پێشکەشکردن بۆ خوێندنی ماستەر کە دوو ساڵ خزمەتی راژەی فیعلی دوای دامەزراندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی تا رێکەوتی دەستپێکردنی خوێندنی ماستەری هەیە شایستەی مۆڵەتی خوێندن دەبن بە پێی یاسای ڕاژەی شارستانی هەموارکراوی ساڵی (٢٠٠٩).

٦.مۆڵەتی خوێندنی ماستەری ناوەخۆ لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوەی خۆتەرخانکردنی تەواو (تفرغ تام) دەبێت بۆ فەرمانبەرانی دامەزراو بە شێوەی هەمیشەیی لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق.

٧.پێویستە ئەو پێشکەشکارەی کە دانەمەزراوە بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پێشکەش بکات کە لە هیچ فەرمانگەیەکی حکومی دانەمەزراوە، ئەگەر زانیاری نادروستی دا بێت ئەوا هەموو بەرپرسیارەتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆ، سەرەڕای سڕینەوەی ناوی لە خوێندن.

٨.بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزارەت مامەڵە لەگەڵ پۆینت ناکرێت بۆ مەبەستی پێشکەشکردن و دەرئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی ( واتە ژمارەکان جبر ناکرێن و کێرڤ نادرێن).

٩.بە هیچ شێوەیەك ناکرێت قوتابی/ خوێندکاری ماستەر خوێندنەکەی بگوازێتەوە بۆ زانکۆیەکی دیکە ناوەوەی هەرێمی کوردستان یاخود دەرەوەی هەرێم و دەرەوەی وڵات، یان بە پێچەوانەوە.

١٠. ئەگەر لە بەشێکی زانستی بە تەنها یەك قوتابی/ خوێندکاری ماستەر وەرگیرا، دەتوانێت دەست بە خوێندنی ئەکادیمی بکات بە مەرجێک لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە پرسیاری تاقیکردنەوە و هەڵەچنینی پەراوی تاقیکردنەوە ئەنجام دەدرێت.

١١. بە هیچ شێوەیەک یەدەگ (إحتیاط) لە خوێندنی باڵا بوونی نییە، بەڵکو تەنها وەرگیراو بوونی هەیە.

١٢.رێنمایی تاوتوێکردنی ماستەرنامە بە گوێرەی رێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٦) دەبێت و شێوازی تاوتوێکردن بە شێوەی داخراو یان کراوە دەبێت بۆ ئەم مەبەستەش دەسەڵات دەدرێت بە ئەنجومەنی زانکۆکان بۆ بڕیاردان لەسەر شێوازی تاوتوێکردن کە ئایا داخراو بێت یاخود کراوە.

١٣. پاڵپشت بە ڕادەربڕینی ئەنجومەنی شورای هەرێم ژمارە (٢٠١٤/١٣) لە (٢٠-٧-٢٠١٧)، ئەندامانی پەرلەمانی عێراق و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بۆیان نییە پێشکەشی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا بکەن لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، هەورەوها پاڵپشت بە کۆبوونەوەی (لیژنەی باڵای خوێندنی باڵا)ی ئەنجامدراو لە رێکەوتی (٢٠١٧/٢/١٥) و هەروەها پاڵپشت بە ڕادەربڕینی ئەنجومەنی شورای هەرێم ژمارە (٢٠١٧/١١) لە (٩-٧-٢٠١٧) و گشتاندنی وەزارەت ژمارە (١٠٠٧) لە (٢٠١٧/٨/٢) (خاوەن پلە تایبەتەکان- أصحاب الدرجات الخاصة) تاوەکو لەو پۆستەدا بن بۆیان نییە پێشکەشی خوێندنی باڵا/دبلۆمی باڵا- ماستەر- دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بکەن لەبەرئەوەی ناتوانرێت خوێندن و ئەو جۆرە پۆستە پێکەوە راهی بکرێت.

**تەوەری شەشەم: پلان و ژمارەی کورسیەکانی ماستەر:**

دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە ڕێگەی فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا بە فەرمی داوای پلان لە زانکۆکان دەکات، زانکۆ هەڵدەستێ بە ئامادەکردنی پلانی خوێندنی ماستەر بە پێی ڕێنماییەکان و ژمارەی کورسیەکان دیاری دەکات و لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆکەوە پلانی خوێندنی ماستەر و ژمارەی کورسیەکان پەسەند دەکرێت بە ڕەچاوکردنی ئەو مامۆستایانەی میچ و مەرجی سەرپەرشتیکردنیان بە پێی ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٦)ی تێدا هەیە و دواتریش لە لایەن وەزارەت/ فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان پلان و ژمارەی کورسیەکان پەسەندەکرێت، کورسیەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە تەرخان دەکرێت:-

**١- کورسیە گشتیەکان بە شێوەی خۆرایی** دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-

أ. ژمارەیەك لە کورسیەکان بە پێی ڕێژەی خاڵی (١)ی سەرەوە تەرخان دەکرێت بۆ (زانکۆکان و زانکۆ نوێیەکان و زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان)، لەم حاڵەتەدا تەنها خوازیارانی میلاکی ئەو زانکۆیانەی کە کورسیان بۆ تەرخانکراوە بۆیان هەیە پێشبرکێ لەنێوان خۆیان بکەن لەسەر ژمارەی ئەو کورسیانەی بۆیان تەرخان کراوە، ئەو پێشکەشکارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا بەپێی ڕێژەی کورسی تەرخانکراو لەپلان وەردەگیرێت.

ب. کورسیەکانی دیکە دەبێت بە(کورسی گشتی) کەهەموو پێشکەشکارێکی دامەزراو بەشێوەی هەمیشەیی لە دامودەزگاکانی سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان مافی هەیە پێشکەشی بکات و لە نێوان خۆیان پێشبرکێ بکەن لەسەر ژمارەی کورسیەکان، ئەو پێشکەشکارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا بە پێی ڕێژەی پلانەکە وەردەگیرێت.

**٢- کورسی بە شێوازی سیستمی پاراڵێل** بەم شێوەیەی خوارەوە:-

أ. ڕێژەیەک لە کورسیەکان بە شێوەی پاراڵێل تەرخان دەکرێت بۆ گشت پێشکەشکاران واتە ئەو پێشکەشکارانەی کە دانەمەزراون لە هیچ دامەزراوەیەکی حکومی یان دامەزراون لە دامووودەزگاکانی حکومەت بۆیان هەیە پێشکەشی کورسیەکانی پاراڵێل بکەن.

ب. پێشکەشکردن لەسەر رێژەی کورسیەکانی پاراڵێلی خاڵی (أ)ی سەرەوە بە شێوەی سەرتاسەری دەبێت و ئەو پێشکەشکارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا بە پێی ڕێژەی پلانەکە وەردەگیرێت.

**تێبینی /**

أ. هەرکاتێک کورسی بەتاڵ مایەوە بە گشت جۆرەکانی کورسی تەرخانکراو، ئەوا بە هیچ شێوەیەك کورسییەکان پڕ ناکرێتەوە.

ب. هیچ زانکۆیەک بۆی نییە کورسی خوێندن زیاد بکات بۆ پلانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەتەوە.

ج. بۆ دیاریکردنی ژمارەی کورسیەکانی خوێندنی ماستەر لە هەر بەشێك، پێویستە میلاکی ستافی ئەو بەشە و ڕەچاوکردنی میچی سەرپەرشتیکردن بە گوێرەی ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٦) و پێداویستی راستەقینەی خوێندنی ماستەر بکرێتە پێوەری سەرەکی، بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتی خوێندنی باڵا چاودێری و وردبینی پلانەکانی خوێندن دەکات.

د.کورسی بۆ هیچ وەزارەت و دامەزراوەیەک تەرخان ناکرێت، بەڵکو فەرمانبەرانی ئەم دامەزراوانە دەتوانن لەسەر کورسیەکانی گشتی و کورسیەکانی پارالێل پێشکەش بکەن.

ه.لە حاڵەتی تەرخانکردنی کورسی بۆ زانکۆ نوێیەکان و زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان مەرجە کورسی لە پسپۆری داواکراو وەکو بەش لە زانکۆ نوێیەکان و پۆلیتەکنیکیەکان بوونی هەبێت.

و. پێویستە خوازیار لە کاتی پێشکەشکردن تەنها یەک شێوازی پێشکەشکردنی کورسی هەڵبژێرێت، واتە نابێت پێشکەشی دوو شێوازی کورسی بکات.

**تەوەری حەوتەم: سەبارەت بە لایەنی دارایی خوێندن:**

١- بۆ ئەو خوازیارانەی لەسەر کورسیە گشتیەکان بە شێوەی خۆرایی وەردەگیردرێن، ئەوا گشت تێچووی خوێندنەکە لە ئەستۆی ئەو زانکۆیە دەبێت کە خوێندنی ماستەری کردۆتەوە.

٢- ئەو خوازیارانەی لەسەر کورسی پارالێل وەردەگیردرێن، ئەوا تەواوی تێچووی خوێندنی ماستەرەکەیان لە ئەستۆی قوتابی/خوێندکار دەبێت، بۆیە پێویستە پێشکەشکار لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پڕبکاتەوە کە ئامادەیە تەواوی تێچووی خوێندنەکە لە ئەستۆی خۆی بگرێت.

٣- دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە، کرێی خوێندنی ماستەر بە شێوازی پاڕاڵێل لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆکانەوە پێشنیار دەکرێت و لە لایەن وەزارەت/فەرمانگەی توێژینەوەی پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی کارگێری و دارایی پەسەند دەکرێت.

**تەوەری هەشتەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و هەر ڕێنماییەکی تر لەمەو پێش دەرچووە کە ناکۆك و پێچەوانە بێت لەگەڵ ئەم ڕێنماییە، ئەوا کاری پێناکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە**

هۆیەکانی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە بریتین لە بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی سەرەکی کە ئەمانەن:

١. بەردەوام بوونی زیاتر لە پرۆسەی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان و ڕەچاوکردنی هاوسەنگی نێوان چەندێتی و چۆنیەتی لە خوێندنی باڵادا.

٢. پێگەیاندنی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و بەدیهێنانی هەردوو لێهاتوویی (وانەبێژیی و توێژەریی) بۆ مامۆستایانی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا.

٣. بەستنەوەی خوێندنی باڵا بە پێداویستی داموودەزگا حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان و سازان لەگەڵ سەردەم و پێداویستیەکانی بازاری کار و بەشداری لە پێشنیازکردنی چارەسەری گونجاو بۆ کێشە و گرفتەکان لە هەرێمی کوردستان.

**د.ئارام محمد قادر**

**وەزیری خوێندی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**ژمارەی : ١٧٦٠٢ لە ٢٠١٩/١٠/٢٧**

## ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩
## ڕێنمایی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠)

ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (٥)ی ئەنجومەنی وەزارەت کە لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/١) و (٢٠١٩/١٠/٦) ئەنجام درابوو ، بڕیاردرا بە دەرکردنی ڕێنمایی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**تەوەری یەکەم/ مەرجەکانی پێشکەشکردن و ڕێکخستنی پێشبڕکێ لە نێوان پێشکەشکاران و پێوەرەکانی سیستمی ڕیزبەندی بەپێی ڕێژەی خاڵ:-**

**١- تێکڕای نمرە (معدل)ی بەکالۆریۆس:-**

أ- تێکڕای نمرە (معدل)ی (٦٠%) بۆ هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس مەرجە بۆ پێشکەشکردن (جگە لە دەرچووانی کۆلێژەکانی پزیشکی و پزیشکی ددان و دەرمانسازی، کە ڕەچاوی تێکڕای نمرەیان بۆ ناکرێت)، هەروەها ئەوانەی هەڵگرانی نازناوی زانستی هەمیشەیین. بۆیە تێکڕای نمرەی (٦٠%) هیچ خاڵ وەرناگرێت واتە (٠) سفر (خاڵ)ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک یەک خاڵ وەردەگرێت ( بۆ نمونە ئەگەر پێشکەشکار تێکڕای نمرەکەی (٦٥%) شەست و پێنج بوو ئەوا (٥) پێنج خاڵ وەردەگرێت، ئەو خوازیارانەی تێکرای نمرەی بەکالۆریۆسیان کەمترە لە (٦٠%) ئەوا هیچ خاڵ وەرناگرن).

ب- سەبارەت بەو خوازیارانەی تێکرای نمرەی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠%) کەمترە و دواتر بڕوانامەی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمیان بەدەستهێناوە پێش ساڵی خوێندنی (٢٠١٠-٢٠١١) و لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی تێکرای نمرەی بەکالۆریۆس+ تێکرای نمرەی دبلۆمی باڵا لە ماستەر لە زانکۆکانی کوردستان وەرگیراون, ئەوا بۆیان هەیە پێشکەشی خوێندنی دکتۆرا بکەن. سەبارەت بە چۆنیەتی ئەژمارکردنی خاڵ بۆ چوونە ناو پێشبرکێ ئەوا بە کۆکردنەوەی تێکرای نمرەی بەکالۆریۆس (٤٠%) + تێکرای نمرەی دبلۆمی باڵا (٦٠%) وەکو نمرەی بەکالۆریۆس بۆیان ئەژمار دەکرێت، واتە تێکڕای نمرەی (٦٠%) هیچ خاڵ وەرناگرێت و (٠) سفر (خاڵ)ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک یەک خاڵی بۆ زیاد دەکرێت.

ج- سەبارەت بە پاڵەوانانی وەرزشی، ئەوانەی کە تێکرای نمرەی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠%) کەمترە یان لە چارەگی یەکەمی دەرچووانی خولی یەکەم نین و لەسەر میلاکی دامودەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا خزمەت دەکەن، ئەوا بۆیان هەیە داواکاری پێشکەش بکەن و پێویستە ئەم مەرجانەیان تێدا بێت:-

١-هەڵگری بڕوانامەی ماستەر بێت لە بواری پەروەردەی وەرزشی.

٢- مەرجە یاریزان بێت و لە ماوەی (٥) ساڵی پێشتر پلەی یەکەمی بەدەست هێنابێت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان یان (یەکەم یان دووەم یان سێیەم ) لەسەر ئاستی عێراق یان (یەکەم تاکو پێنجەم) لەسەر ئاستی وڵاتە عەرەبیەکان یان (یەکەم تاکو هەشتەم) لەسەر ئاستی کیشوەری ئاسیاو جیهان .

٣- پێویستە پێشکەش کار پشتگیری بکرێت تەنها لەڕێگەی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستانەوە بە نوسراوی فەرمی.

٤- لیژنەیەکی پسپۆڕ لە زانکۆکان وردبینی ئەم دۆکیۆمێنتانە دەکات.

٥- مەرجە بۆ یەکەمجار ئەو خوازیارە سوودمەند بێت وەک پاڵەوانی وەرزشی بۆ پێشکەشکردنی خوێندنی دکتۆرا، واتە ئەگەر لە خوێندنی بەکالۆریۆس یان لە خوێندنی ماستەر سوودمەندبووبێت و وەک پاڵەوانی وەرزشی وەرگیرا بێت ئەوا وەک پاڵەوانی وەرزشی مافی پێشکەشکردنی بۆ خوێندنی دکتۆرا نییە.

٦- مەرجی پاڵەوانی وەرزشی تەنها لە مەرجی کۆنمرەی بەکالۆریۆس دەبەخشرێت بۆ ماوەی (٥) ساڵ لە رێکەوتی پشتگیری کردنی وەکو پاڵەوانی وەرزشی.

**٢- تێکڕای نمرە (معدل)ی ماستەری ئەکادیمی:** خوازیار مەرجە تێکڕای نمرەی ماستەری ئەکادیمی (٧٠%) کەمتر نەبێت بۆ پێشکەشکردن، بۆیە ئەو نمرەیە هیچ خاڵ وەرناگرێت، واتە (٠) سفر (خاڵ) ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک (١) یەک خاڵ وەردەگرێت، (بۆ نمونە ئەگەر پێشکەشکار تێکڕای نمرەکەی (٧٥%) حەفتا و پێنج بوو ئەوا (٥) پێنج خاڵ وەردەگرێت.

**٣- مەرجی ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی لە کاتی پێشکەشکردن:** لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن هەموو خوازیارێك مافی پێشکەشکردنی بۆ خوێندنی باڵا/دکتۆرا هەیە بەبێ هەبوونی مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی، بەڵام مەرجە قوتابی/خوێندکاری وەرگیراو لەگەڵ دەستپێکردنی خوێندنی ئەکادیمی و پێش تاوتوێکردنی تێزی دکتۆراکەی یەکێک لەم دوو مەرجەی خوارەوە سەبارەت بە توانستی زمانی ئینگلیزی دەستەبەر بکات بە پێچەوانەوە ئەگەر مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی داواکراوی هاتوو لە خاڵی (أ یان ب)ی خوارەوەی لە ماوەی یاسایی خوێندن و ماوەی درێژکردنەوەی خوێندنی بە پێی یاسا و رێنماییەکان بەدەست نەهێنا، ئەوا راستەوخۆ فەرمانی سرینەوەی ناو (ترقین قید)یان لە زانکۆکان بۆ دەردەکرێت:-

أ- مەرجە قوتابی/خوێندکاری وەرگیراو بەشداری بکات لە خولی فێرکاری زمانی ئینگلیزی لە سێنتەرەکانی زمانی زانکۆ حکومیەکانی کوردستان و تاقیکردنەوەی دیاریکردنی ئاست (Placement Test) ئەنجام بدات بە پێی ئاستەکەی بەشداربێت لە خولەکە هەروەکو لە خشتەی خوارەوە رووونکراوەتەوە و دواتر مەرجە قوتابی/خوێندکاری وەرگیراوی بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان ئاستی (Pre-intermediate) و بۆ بواری زانستە پەتی و سروشتی و پراکتیکی و ئەندازەیی و پزیشکیەکان ئاستی (Intermediate)ی لە سێنتەرەکانی زمان بە سەرکەوتوویی تەواو بکات و لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ئاست دەربچێت.

| ئاست (Level) | کۆد | Academic-IELTS | TOEFL-iBT | TOEFL-PBT | PTE | ئاست دوای تەواوکردن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Beginner | A1 | 3 یان کەمتر | 1-19 | 1-370 | 1-24 | A2 |
| Elementary | A2 | 3.5 | 20-30 | 371-383 | 25-35 | B1 |
| Pre-intermediate | B1 | 4 و 4.5 | 31-58 | 384-413 | 36-51 | B2 |
| Intermediate | B2 | 5 و 5.5 | 59-72 | 414-496 | 52-66 | C1 |

ب- یان مەرجە نمرەی (5)ی لە تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی نێودەوڵەتی (IELTS- Academic) یاخود هاوتاکانی وەکو(Pearson Academic-PTE, TOEFL-iBT, TOEFL-PBT) بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان و نمرەی (6)ی لە تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی(IELTS-Academic) یاخود هاوتاکانی وەکو (Pearson Academic-PTE, TOEFL-iBT, TOEFL-PBT) بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ بواری زانستە پەتی و سروشتی و پراکتیکی و ئەندازەیی و پزیشکیەکان بەدەست بهێنێت.

**تێبینی/**

أ. سەبارەت بە ئەنجامدانی تاقیكردنەوەی نێودەوڵەتی توانستی زمانی ئینگلیزی كە لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە وەكو ( IELTS- Academic ،TOEFL ،Pearson Academic-PTE) تەنها لە سێنتەرەكانی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) كاری پێدەكرێت، هەروەها لەگەڵ وڵاتانی (ئەمریكا و بەریتانیا و كەنەدا و نیوزلەندا و ئوسترالیا). بە پێچەوانەوە كاری پێناكرێت.

ب. پێویستە لەسەر زانكۆكان ڕاست و دروستی (صحة صدور) بۆ بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی تاقیكردنەوەكانی (IELTS و TOEFL و PEARSON Academic-PTE )ی پێشكەشكاران بكەن.

ج. بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی سێنتەرەكانی زمانی زانكۆ حكومیەكانی كوردستان كە لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٩) بە شێوازی نوێ كراوەتەوە بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ كاری پێدەكرێت. هەروەها تاقیكردنەوە نێودەوڵەتیەكانی زمانی ئینگلیزی وەكو (IELTS- Academic ، TOEFL، PEARSON Academic-PTE) بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ (لەسەر بنەمای ڕێكەوتی تاقیكردنەوە) كاری پێدەكرێت بە مەرجێك ئەو بڕوانامانەی ( TOEFL، PEARSON Academic-PTE) كە ماوەی دوو سالیان بەسەر تێپەریووە، پێویستە پێشووتر راست و دروستی بۆ بڕوانامەكانیان لە زانكۆكان ئەنجام درابێت.

د. ئەو پێشكەشكارانەی هەڵگری بڕوانامەی (بەكالۆریۆس و ماستەرن لە پسپۆڕی زمانی ئینگلیزی و وەرگێڕان)، پێویستە تاقیكردنەوەی توانستی زمانی ئینگلیزی ئەنجام بدەن و هەمان ئاستی خاڵی (٣- مەرجی زمانی ئینگلیزی) لە (تەوەری یەكەم)ی ئاماژە پێدراو لەسەریان جێبەجێ دەكرێت.

ه. ئەگەر دوو پێشكەشكار لە پێشبڕكێ هەمان نمرەیان بەدەستهێنابوو، ئەوا ئاستی زمانی ئینگلیزی و ژمارە و فاكتەری كاریگەری توێژینەوە بڵاوكراوەكانیان دەبێتە پێوەری یەكلاكەرەوە.

و. ئەگەر لە كاتی پێشكشكردن، پیشكەشكار توانستی زمانی ئینگلیزی بە پێی خشتەی خالی (أ)ی سەرەوە هەبوو، ئەوا بۆ هەر ئاستێك (٢) دوو خاڵ بە پێشكەشكار دەدرێت لە كاتی چوونە پێشبركێ.

**٤- مەرجی تاقیكردنەوەی توانستی زانستی:**

أ- تاقیكردنەوەی توانستی زانستی لەسەر نمرەی (٣٠%) ئەنجام دەدرێت و مەرجە پێشكەشكار لەم تاقیكردنەوەیە دەربچێت (واتە بە لایەنی كەم ١٥ نمرە لە ٣٠ نمرەی تەرخانكراو بۆ تاقیكردنەوە بە دەست بهێنێت بە پێچەوانەوە مافی چوونە پێشبركێی نیە)، پێویستە (١٥%) پرسیارەكانی تاقیكردنەوەی توانستی زانستی لە پسپۆری گشتی بێت و (١٥%)ی تری پرسیارەكان لە پسپۆڕی وردی بوارەكەی بێت. لێرەدا نمرەی (١٥) پانزە لە تاقیكردنەوە هیچ خاڵ وەرناگرێت واتە (٠) سفر (خاڵ)ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک (١) یەک خاڵی بۆ زیاد دەكرێت، بۆ نموونە ئەگەر پێشكەشكار نمرەی (١٦)ی هێنا لە تاقیكردنەوەی توانستی زانستی، ئەوا (١) یەك خاڵ وەردەگرێت بۆ بەشداریكردن لە پێشبركێ، ئەگەر (٢٠) بیستی بەدەست هێنا ئەوا (٥) پێنچ خاڵی پێ دەدرێت بۆ بەشداریكردن لە پێشبركێ.

ب- پێویستە لیژنەی زانستی بەش یان لیژنەیەكی تایبەت سەرپەرشتی تاقیكردنەوەكان بكات و نابێت پرسیارەكانی پسپۆڕی گشتی و پسپۆڕی ووردی تاقیكردنەوەی توانستی زانستی لەسەر بنەمای پرۆپۆزەڵەكان دابندرێت.

ج- دەبێت پرسیارەکانی پسپۆری گشتی لەسەر بنەمای بڕوانامەی بەکالۆریۆس (یان لقی سەرەکی بەش بێت) و پرسیارەکانی پسپۆڕی ووردی لەسەر بنەمای لقی سەرەکی بڕوانامەی ماستەری پێشکەشکار بێت.

د- پێویستە لەگەڵ پێشکەشکردنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لە لایەن مامۆستایان، وەڵامی نمونەیی پرسیارەکان پێشکەش بە لیژنەی تاقیکردنەوەکان بکرێت.

**٥- مەرجی تەمەن** : میچ (سقف)ی تەمەن مەرجە بۆ پێشکەشکردن، واتە نابێت تەمەنی خوازیار لە (٥٥) پەنجا و پێنج ساڵ (لەسەر بنەمای ساڵی لەدایکبوون) زیاتر بێت، لەسەرووی (٥٥ ساڵ) دەتوانێت بەشێوازی پارالێل پێشکەشی بکات.

**٦- مەرجی ساڵانی خزمەت:**

أ- بۆ خوازیارانی دامەزراو (واتە فەرمانبەری هەمیشەیی بن لە یەکێک لە دام ودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان)، پێشکەشکار مەرجە (٢) دوو ساڵی تەواوی خزمەتی فیعلی دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر و دامەزراندنی هەبێت تا ڕێکەوتی دەستپێکردن بە خوێندنی دکتۆرا، بە پێچەوانەوە مافی پێشکەشکردنی نییە. بۆیە هیچ خاڵ تەرخان ناکرێت بۆ ئەو پێشکەشکارەی کە دوای تەواوکردنی خوێندنی ماستەر تەنها (٢) دوو ساڵ خزمەتی فیعلی هەیە، بەڵام بە زیادبوونی هەر ساڵێکی خزمەت ئەوا (١) یەک خاڵی بۆ زیاد دەکرێت و خزمەتی مانگیش دوای دووساڵەکە بەپۆینت ئەژمار دەکرێت بۆ وەرگرتنی خاڵ، واتە ئەگەر پێشکەشکار دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر (٧) حەوت ساڵ خزمەتی فیعلی تەواوی هەبێت ئەوا (٥) پێنج خاڵ وەردەگرێت بۆ بەشداریکردنی لە پێشبرکێ، بە مەرجێک لە (١٠) دە خاڵ زیاتر نەبێت.

ب- ئەو خوازیارانەی کە دانەمەزراون لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەبێ هەبوونی مەرجی دوو ساڵی دەرچوون و تێپەڕین بەسەر بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر، ڕاستەوخۆ مافی پێشکەشکردنیان هەیە و پێویستە خوازیاران بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پێشکەش بکەن کە لە هیچ دامودەزگایەکی میری (حکومی) دانەمەزراون، بە پێچەوانەوە خوێندنەکەی هەڵدەوەشێتەوە و ڕێکاری یاسایی بەرامبەری دەگیردرێتەبەر.

**٧- بڵاوکراوەی زانستی و داهێنانی زانستی (براءة الأختراع):**

أ. بۆ هەر توێژینەوەیەکی خاوەن ئیمپاکت فاکتەر (Impact Factor) لە لیستی (Clarivate Analytics) (١٠) دە خاڵ و بۆ توێژینەوەی خاوەن سکۆپەس (Scopus) (٧.٥) خاڵ و بۆ توێژینەوەی بلاوکراوە لە گۆڤاری زانستی ناوخۆ (٥) پێنج خاڵ دەدرێت بە پێشکەشکار بە مەرجێک گۆڤارەکان لە وێبسایتی ڕیزبەندی زانکۆکانی کوردستان (NUR) دانپێدانراو بێت.

ب. داهێنانی زانستی (براءة الأختراع) بە هەمان شێوەی توێژینەوەی زانستی (٥) پێنج خاڵ وەردەگرێت بەو پێشکەشکارەی کە (براءة الأختراع)ی وەرگرتووە بە مەرجێك لە گۆڤارێکی زانستی بڕواپێکراو بڵاویکردبێتەوە.

ج. کۆی گشتی میچ (سەقف)ی وەرگرتنی خاڵ لە بڵاوکراوەی زانستی و داهێنانی زانستی (براءة الأختراع) بریتی دەبێت لە (٢٥) بیست و پێنج خاڵ بۆ بەشداریکردن لە پێشبرکێ، واتە تەنها (٥) پێنج توێژینەوە یان داهێنانی زانستی ئەژمار دەکرێت.

**٨- پرۆسـەی دڵنیـایی جـۆری:** پێویسـتە مامۆسـتایانی پێشکەشـکار لە زانکۆکـانی هەرێمـی کوردسـتان لە پرۆسەی دڵنیایی جۆری وەکو (زانست خوازی بەردەوام و هەگبەری مامۆستا و فیـدباکی قوتـابی)ی دوایـین ساڵ دەرچوو بن، بە پێچەوانەوە مافی پێشکەشکردنیان نییە، بەڵام هیچ خاڵ بۆ پرۆسەی دڵنیایی جـۆری بـۆ مەبەستی پێشکەشکردن وەرناگرن.

**تێبینی/** کۆی خاڵەکان بۆ ئەو پێوەرانەی سەرەوە دەبێتە کۆی خاڵەکانی پێشکەشکاران و ڕیزبەندی خاڵەکانی پێشبڕکێ.

**تەوەری دووەم/ مەرج و پێداویستی کردنەوەی خوێندنی دکتۆرا:**

١- بۆ کردنەوەی خوێندنی دکتۆرا لە هەر بەشێکی زانستی مەرجە (١) یـەك پرۆفیسـۆر + (٣) سێ پرۆفیسـۆری یاریدەدەر هەبێت کە هەڵگری بروانامەی دکتۆرا بن و پسپۆڕیان لە هەمان بواری بەشـەکە بێـت و مەرجیشـە ئەو مامۆستایانە لەسەر میلاکی هەمیشەیی بەشی زانستی بن یان خانەنشینکراو بـن لـە هـەمان ئـەو بەشـە یـاخود شـەراکەتی ئـەکادیمییان لـەگەڵ زانکۆکـان هـەبێت لە ڕێـگەی ڕێکەوتننـامە و خسـتنەرووی بە دۆکیومێنت، لێرەدا پێویستە ئەو بەڕێزانە کە ستافی بەشێکی دیاریکراون دووبارە نەبنەوە لە بەشێکی تر.

٢-پێویستە بەشەکە یەك خولی دەرچوواني ماستەری هەبێت.

٣- سەبارەت بە کـردنەوەی خوێـندنی دکتـۆرا لە بەشـە هاوشێوەکانی هەمـان زانکـۆ وەکـو (کـوردی و کـوردی، عەرەبی و عەرەبی، ئینگلیزی و ئینگلیـزی، کیمیـا و کیمیا...هتـد) دەکرێـت ستافی هەردوو بەشـەکە لە کـاتی هەبوونی مەرجەکانی خاڵی (١ و ٢) یەك و دووی سەرەوە خوێندنی دکتۆرا بکەنەوە.

٤- سەبارەت بە پسپۆڕی کۆمەڵەی پزیشـکی، مەرجـەکانی خـاڵی (١ و ٢) یـەك و دووی سـەرەوە لەسـەر ئاستی (کۆلێژ/ سکوڵ) ئەژمار دەکرێت.

٥- پێویستە زانکۆکان پلانی خوێندنی دکتۆرا ئامادە بکەن لەو بەشانەی کە پێشووتر خوێندنی دکتۆرایان تێدا کراوەتـەوە بـۆ سـاڵی خوێنـدنی (٢٠١٦-٢٠١٧) و ئێسـتاش مـەرجی خـاڵی (١ و ٢) یـەك و دووی سـەرەوە و پێداویستی بەردەوامیان تێدایە بە ڕەچاوکردنی ئەو مامۆستایانەی مەرجی سەرپەرشـتیکردنیان بـە پێـی ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٦) تێدا هەیە، واتە بەپێی بوونی مامۆستای پسپۆر بە پلەی زانستی پێویست بەپێی ڕێنماییەکان و بوونی پێداویستیە زانستییەکانی دیکە بۆ خوێندنی دکتۆرا.

٦- سەبارەت بەو بەشانەی کە دەیانەوێت خوێندنی دکتۆرا بکەنەوە بۆ یەکەم جار و مەرجەکانی خـاڵی (١ و ٢) یەك و دووی سەرەوەیان تێدایە و یەك خـولی ماسـتەریان دەرچووانـدووە، دەتـوانن پرۆپـۆزەڵی کردنـەوەی خوێندنی دکتۆرا پێشکەش بە وەزارەت بکەن بۆ مەبەستی ڕەزامەندی و پەسەندکردنی.

٧- ناونیشـان و پرۆپـۆزەڵێکی سـەرەتایی (أولـي) بـۆ خوێـندنی دکتـۆرا لەلایەن ئەو مامۆسـتایانەی مەرجـی سەرپەرشتیکردنیان بە پێی ڕێنماییەکانی پەیوەندیدار تێـدا هەیـە پێشکەش بـە بەشـی زانسـتی دەکرێـت، پێویستە پرۆپۆزەلەکان لەسەر بنەمای پێویستی بازاڕی کـاری هەرێمـی کوردسـتان و ڕەنگدانەوەی کێشـە و گیروگرفتەکانی سـەردەم و زیـاتر خـزمەت کـردن بە ڕەوتـی زانسـت لە کوردسـتان بە ئامـانجی بەسـتنەوەی زانکۆ و کۆمەڵگا بە یەکتر و ...هتد، پێشکەش بە بەشی زانستی بکرێن، هەروەها پێویسـتە پرۆپۆزەڵـەکان لـە لایـەن لیژنـەی زانسـتی بـەش پەسـەند کرابێـت و دواتـر لە کـاتی نـاردنی پلانـی زانکۆکـان وێنەیەکـی پرۆپۆزەڵەکـان ڕەوانەی وەزارەت دەکرێـت بە مەبەسـتی هەڵسـەنگاندنی بە ڕاوێژکـردن لەگەڵ پسـپۆڕ و شارەزایانی ئەو بوارە، مەرجیش نییە لەم سیستەمەدا سەرپەرشتیاری دەرەکی هەبێت.

٨- دەکرێت لە ماوەی خوێندنەکەیدا قوتابی/ خوێندکاری بەشە زانستیەکان و بەشە مرۆڤایەتییەکان (٣) سێ تا (٦) شەش مانگ بچێتە دەرەوەی وڵات بەپێی ڕەزامەندییەکی فەرمی لە نێوان سەرپەرشتیار و زانکۆکەی دەرەوە، بە مەبەستی ئاشنابوون بە سیستەمی ئەو جۆرە خوێندنە و ئەنجامدانی بەشێک لە توێژینەوەکەی لەو زانکۆیە، لێرەدا چوونە دەرەوەی قوتابی/خوێندکاری دکتۆرا بە پێی سیستەمی (Sabbatical Leave) دەبێت بۆ ئەوانەی سەر بە دام ودەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستین و چوونە دەرەوە بۆ سەرپەرشتیار بە شێوازی شاندکردن (إيفاد) دەبێت بەمەرجێک لە مانگێک تێپەر نەکات، واتە ئەم برگەیە بەشێوەی (جواز) جێبەجێ دەکرێت و دەکرێ قوتابی/خوێندکار و سەرپەرشتیار نەچنە دەرەوەی وولات.

**تێبینی:**

أ. لە حاڵەتێکدا ئەگەر قوتابی/خوێندکار پێویستی بە چوونە دەرەوە بۆ زانکۆی دەرەکی نەبوو, ئەوا سەرپەرشتیاریش پێویست ناکات بچێتە دەرەوەی وڵات.

ب. سەبارەت بە قوتابیان و خوێندکارانی دکتۆرا کە بە سیستمی پاراڵێل دەخوێنن، چوونە دەرەوەی قوتابی/خوێندکار و سەرپەرشتیار کە لە خاڵی (٨)ی سەرەوە ئاماژەی پێکراوە، ئەوا تێکرای خەرجیەکە لەسەر خودی قوتابی/خوێندکار دەبێت، بەڵام بۆ ئەوانیش بە شێوەی (جواز) جێبەجێ دەکرێت و دەکرێ قوتابی/خوێندکار و سەرپەرشتیار نەچنە دەرەوەی وڵات.

ج. ماوەی خوێندنی دکتۆرا لەم سیستمەدا بریتیە لە (٣) سێ ساڵ، لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی کۆلیژە کە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری یەکەم بە مووچە ماوەکە درێژ بکاتەوە و لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی زانکۆیە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری دووەم بە مووچە ماوەکە درێژ بکاتەوە، لە کاتی پێویستدا دەکرێت ڕەزامەندی وەزارەت وەربگیرێت بۆ درێژکردنەوە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری سێیەم بەبێ مووچە (کە دوایین درێژکردنەوەیە). بە پێچەوانەوە قوتابی/خوێندکار فەرمانی سرینەوەی ناو (ترقين القيد)ی لە خوێندن بۆ دەردەچێت.

د. بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزارەت لە کۆبوونەوەی ژمارە (٥) لە ڕێکەوتی (٢٠١٥/٦/٢٩) ئەنجامدرا ڕەزامەندی دراوە لەسەر کردنەوەی خوێندنی باڵا/ دکتۆرا لە دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی بە هاوبەشی لەگەڵ یەکێک لە زانکۆکان، وە بڕوانامەی دکتۆرا لە لایەن زانکۆیەکەوە بەهاوبەشی دەدرێت لۆگۆ (ئاڕم)ی هەردوو لای لەسەر دەبێت.

ه. وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکاران لە ئەنجومەنی کوردستانی بۆ پسپۆریە پزیشکیەکان (کە هاوتایە بە بڕوانامەی دکتۆرا) بە پێی ئەو ڕێنماییانە دەبێت کە لە لایەن ئەنجومەنی کوردستانی پێشنیاز دەکرێت و لە لایەن وەزارەتەوە پەسەند دەکرێت.

**تەوەری سێیەم/ سەبارەت بەو خوازیارانەی کە دانیشتووی شارەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراقن یاخود هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نین:**

١. هاوڵاتی عێراقی دانیشتووی دەرەوەی هەرێمی کوردستان مافی پێشکەشکردنی هەیە بۆ خوێندنی باڵا/دکتۆرا بە سیستمی پاراڵێل بە هەمان مەرج و پێوەرەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە.

٢. سەبارەت بەو خوازیارانەی کە دانیشتووی دەرەوەی عێراقن (واتە هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نین) واتە پێشکەشکاری نێودەوڵەتین، ئەوا مافی پێشکەش کردنیان بۆ خوێندنی باڵا/دکتۆرا هەیە بە هەمان مەرج و پێوەرەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە و ئەگەر لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەرچوون، ئەوا ڕاستەوخۆ بە سیستمی پاراڵێل وەردەگیرێن و ناچنە پێشبرکێ، مەبەست لەم هەنگاوە بریتییە لە هاندانی پێشکەشکاری نێودەوڵەتی بۆ مەبەستی درێژەدانی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە پێشکەشکار بەڵێننامەی یاسایی لە سەرۆکایەتی زانکۆ پڕبکاتەوە کە هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نییە.

**تەوەری چوارەم : پێداویستییە زانستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا:**

١- وەرگرتنی کۆڕسەکان: پێویستە کاندیدی دکتۆرا لە وەرزی یەکەمی خوێندنەکەیدا کۆرسەکانی خوێندنی دکتۆرا وەربگرێت کە بریتی دەبێ لە کۆڕسی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە و پسپۆڕی وردی خوێندنەکە، کە لە لایەن سەرپەرشتیار و بەشی زانستی دەستنیشان دەکرێت و لە لایەن ئەنجومەنی (کۆلێژ/سکول)ەوە پەسەند دەکرێت.

٢- شێوازی کۆرسی ئەکادیمی خوێندنی دکتۆرا لەسەر شێوازی سیستمی بۆلۆنیا پرۆسێس دەبێت و دواتر ووردەکاری شێوازی خوێندنی کۆرسەکە و قۆناغەکانی دیکەی خوێندن بە فەرمانی وەزاری دەردەچێت.

٣- مەرجە قوتابی/ خوێندکاری دکتۆرا لە تاقیکردنەوەی کۆرسەکاندا نمرەکەی لە (٦٠%) کەمتر نەبێت لە هەر یەک لەو بابەتانە و لە کۆتایی کۆڕسەکاندا تێکرای نمرە (معدل)ی لە (٧٠%) کەمتر نەبێت، بە پێچەوانەوە بە پێی ڕێنماییەکانی خوێندنی باڵا سڕینەوەی ناو (ترقین القید)یان بۆ دەردەکرێت.

٤- پێویستە قوتابی خوێندکاری زانستە مرۆڤایەتیەکان و زانستە سروشتی و پەتی و پراکتیکیەکان و پزیشکیەکان یەک توێژینەوە بڵاوبکاتەوە کە گۆڤارەکە لە (Clarivate Analytics) ئیندێکس کرابێت یاخود یەك توێژینەوەی (Scopus) و یەك توێژینەوەی لەگۆڤاری زانستی زانکۆکانی کوردستان بڵاوبکاتەوە، بەمەرجێک گۆڤارەکان لەوێبسایتی ریزبەندی زانکۆکانی کوردستان (NUR) دانپێدانراو بێت

٥- پێویستە تێزی دکتۆرا بەشدارییەکی ڕەسەن بێت لە بەرهەمهێنانی مەعریفە لە بوارەکەیدا و هەڵسەنگاندنیش بریتی دەبێت لە گفتوگۆی زانستی تێزەکە لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە.

٦- ڕێنمایی تاوتوێکردنی تێزی دکتۆرا بە گوێرەی ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٦) دەبێت و شێوازی تاوتوێکردن بە شێوەی داخراو یان کراوە دەبێت بۆ ئەم مەبەستەش دەسەلات دەدرێت بە ئەنجومەنی زانکۆکان بۆ بڕیاردان لەسەر شێوازی تاوتوێکردن کە ئایا داخراو بێت یاخود کراوە.

**تەوەری پێنجەم : تێبینیە گشتییەکان:**

١-مەرجە پێشکەشکار بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەری لە یەك بەشی زانستی هەبێت، بە پێچەوانەوە مافی پێشکەشکردنی نییە و هەروەها پێویستە پێشکەشی هەمان بەش و پسپۆری خوێندنی ماستەرەکەی بکات.

٢- بەپێی ئەم ڕێنماییە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر لە داموودەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و هەروەها داموودەزگاکانی دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەتوانن داواکاری بۆ ئەم خوێندنە پێشکەش بکەن بە پێی تەوەری شەشەم و حەوتەمی ئەم ڕێنماییە.

٣- کاندیدانی خولی دووەم و سێیەمی بەرنامەی تواناسازی مرۆیی بۆ خوێندنی دکتۆرا ئەوانەی تا ئێستا مامەڵەکانیان پرۆسێس نەکراوە و سەفەری دەرەوەیان نەکردووە بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن بە خوێندن، دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن، ئەگەر لە پێشبرکێ سەرکەوتوو بن و بە فەرمی وەرگیران ئەوا ناویان لە لیستی کاندیدانی تواناسازی دەسڕێتەوە، بەڵام ئەگەر وەرنەگیران ئەوا مافیان وەك کاندیدی تواناسازی پارێزراو دەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێشکەشکار پێویستە لە (وەزارەتی خوێندنی باڵا/ فەرمانگەی نێردراوان و پەیوەندیە رۆشنبیرییەکان) نووسراوی فەرمی بهێنێت کە مامەڵەکەی پرۆسێس نەکراوە و سەفەری دەرەوەی نەکردووە بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن بە خوێندن.

٤- ئەو کاندیدانەی بە پێی پرۆگرامی تواناسازی مرۆیی نێردراوان بۆ دەرەوەی وڵات و یان بە هەر شێوازێکی تر وەکو (بعثات) و (زمالات) لە ئێستادا گەڕاونەتەوە و خوێندنیان تەواو نەکردووە بە هۆکاری جیا جیا، یان بە هەمان شێوە لە ناوەوەی وڵات خوێندنیان تەواو نەکردووە و سڕینەوەی ناو (ترقين القيد) کراون بە هۆکاری جیا جیا، مافی پێشکەشکردنیان نییە تا تێپەربوونی (٣) سێ ساڵ بەسەر گەڕانەوەیان و سڕینەوەی ناویان.

٥- هیچ مامەڵەیەکی پێشکەشکردن وەرناگیرێت، ئەگەر سەرجەم دۆکیۆمێنتەکان تەواو نەبن تا دوایین ڕۆژی پێشکەشکردن، بە پێچەوانەوە خوازیار مافی بەشداربوونی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی نابێت، یاریدەدەری سەرۆک زانکۆکان بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا بەرپرسیارن لە وردبینی کردنی دۆکیۆمێنتەکان و دەستنیشانکردنی لیستی ئەو پێشکەشکارانەی کە مافی تاقیکردنەوەی توانستی زانستیان هەیە، هەروەها لیژنە تایبەتەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی چاودێری و وردبینی پرۆسەی پێشکەشکردن دەکەن.

٦- مۆڵەتی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوەی مۆڵەتی خۆتەرخانکردنی تەواو (تفرغ تام) دەبێت، تەنها ئەو پێشکەشکارانەی خاوەن نازناوی زانستی هەمیشەیین (ئەندامی دەستەی وانەوتنەوەن) و لەسەر میلاکی دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی میلاکی هەمیشەیین، ئەوا مۆڵەتەکەیان بە شێوەی خۆتەرخانکردنی نیمچەیی (تفرغ جزئی) دەبێت بە پێی بڕگەی (١٢) لە ماددەی (٧) لە یاسای ڕاژەی زانکۆیی ژمارە (٣٣)ی ساڵی (٢٠٠٨).

٧- بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزارەت مامەڵە لەگەڵ پۆینت ناکرێت بۆ مەبەستی پێشکەشکردن و دەرئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی. ( واتە نمرەکان جبر ناکرێن و کێرڤ نادرێت).

٨- بە هیچ شێوەیەك ناکرێت قوتابی/ خوێندکاری دکتۆرا خوێندنەکەی بگوازێتەوە بۆ زانکۆیەکی دیکەی ناوەوەی هەرێم یاخود دەرەوەی هەرێم و دەرەوەی وڵات، یان بە پێچەوانەوە.

٩- ئەگەر لە بەشێکی زانستی بە تەنها یەك قوتابی/خوێندکاری دکتۆرا وەرگیرا، دەتوانێت دەست بە خوێندنی ئەکادیمی بکات بەڵام پێویستە لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە پرسیاری تاقیکردنەوە دابنرێت و لە لایەن هەمان لیژنە هەڵەچن بۆ پەراوی تاقیکردنەوەکە بکرێت.

١٠-بە هیچ شێوەیەک یەدەگ (إحتیاط) لە خوێندنی باڵا بوونی نییە، بەڵکو تەنها وەرگیراو بوونی هەیە.

١١-پێویستە ئەو پێشکەشکارەی کە دانەمەزراوە بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پێشکەش بکات کە لە هیچ فەرمانگەیەکی حکومی دانەمەزراوە، ئەگەر زانیاری نادروستی دا بێت ئەوا هەموو بەرپرسیارەتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆ، سەرەڕای سڕینەوەی ناوی لە خوێندن.

١٢- پاڵپشت بە ڕادەربرینی ئەنجومەنی شورای هەرێم ژمارە (٢٠١٤/١٣) لە (٢٠-٧-٢٠١٧)، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی عێراق و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بۆیان نییە پێشکەشی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا بکەن لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، هەوروەها پاڵپشت بە کۆبوونەوەی (لیژنەی باڵای خوێندنی باڵا)ی ئەنجامدراو لە ڕێکەوتی (٢٠١٧/٢/١٥) و هەروەها پاڵپشت بە ڕادەربرینی ئەنجومەنی شورای هەرێم ژمارە (٢٠١٧/١١) لە (٩-٧-٢٠١٧) و گشتاندنی وەزارەت ژمارە (١٠٠٧) لە (٢٠١٧/٨/٢) بەڕێزان (خاوەن پلە تایبەتەکان- أصحاب الدرجات الخاصة) تاوەکو لەو پۆستەدا بن بۆیان نییە پێشکەشی خوێندنی باڵا/دبلۆمی باڵا- ماستەر- دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بکەن لەبەرئەوەی ناتوانرێت خوێندن و ئەو جۆرە پۆستە پێکەوە راهی بکرێت.

**تەوەری شەشەم: پلان و ژمارەی کورسیەکانی دکتۆرا:** دوای دەرچوونی ئەم ڕێنمایە، وەزارەت لە ڕێگەی فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا بەفەرمی داوای پلان لەزانکۆکان دەکات، زانکۆ هەڵدەستێ بەئامادەکردنی پلانی خوێندنی دکتۆرا بەپێی ڕێنماییەکان و ژمارەی کورسیەکان دیاری دەکات و لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆکەوە پلانی خوێندنی دکتۆرا و ژمارەی کورسیەکان پەسەند دەکرێت و دواتریش لە لایەن وەزارەت/ فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا پلان و ژمارەی کورسیەکان پەسەند دەکرێت، ژمارەی کورسیەکان لەسەر بنەمای ژمارەی پڕۆپۆزەڵە سەرەتاییەکان لە هەر بەشێکی زانستی ئەژمار دەکرێت، بەڵام پڕۆپۆزەڵ و ناونیشانی پرۆپۆزەلەکان لە قۆناغی پرۆسەی پێشکەشکردن ڕاناگەیەنرێت، بەڵکو دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی و وەرگرتنی کاندیدەکان، ئەوا پڕۆپۆزەڵەکان بە هەماهەنگی سەرپەرشتیار و سەرۆکایەتی بەشی زانستی و لیژنەی زانستی بەش پڕۆپۆزەلەکان بەسەر کاندیدەکان دابەش دەکرێت، کورسیەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە تەرخان دەکرێت:

**١-** کورسیە گشتیەکان بە شێوەی خۆرایی دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-

أ- ژمارەیەك لە کورسیەکان بە پێی ڕێژەی خاڵی (١)ی سەرەوە تەرخان دەکرێت بۆ (زانکۆکان و زانکۆ نوێیەکان و زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان)، لەم حاڵەتەدا تەنها خوازیارانی میلاکی ئەو زانکۆیانەی کە کورسیان بۆ تەرخانکراوە بۆیان هەیە پێشبرکێ لە نێوان خۆیان بکەن لەسەر ژمارەی ئەو کورسیانەی بۆیان تەرخان کراوە، ئەو پێشکەشکارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا بەپێی ڕێژەی کورسی تەرخانکراو لە پلان وەردەگیرێت.

ب- کورسیەکانی دیکە دەبێت بە (کورسی گشتی) کە هەموو پێشکەشکارێکی دامەزراو بە شێوەی هەمیشەیی لە دامودەزگاکانی سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان مافی هەیە پێشکەشی بکات و لە نێوان خۆیان پێشبرکێ بکەن لەسەر ژمارەی کورسیەکان، ئەو پێشکەشکارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا بە پێی ڕێژەی پلانەکە وەردەگیرێت.

**٢-** (کورسی بە شێوازی سیستمی پاراڵێل) بەم شێوەیەی خوارەوە:-

أ- ڕێژەیەک لە کورسیەکان بە شێوەی پاراڵیل تەرخان دەکرێت بۆ گشت پێشکەشکاران واتە ئەو پێشکەشکارانەی کە دانەمەزراون لە هیچ دامەزراوەیەکی حکومی یان دامەزراون لە دامووەزگاکانی حکومەت بۆیان هەیە پێشکەشی کورسیەکانی پاراڵیل بکەن.

ب- پێشکەشکردن لەسەر ڕێژەی کورسیەکانی پاراڵیلی خاڵی (أ)ی سەرەوە بە شێوەی سەرتاسەری دەبێت و ئەو پێشکەشکارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا بە پێی ڕێژەی پلانەکە وەردەگیرێت.

**تێبینی /**

أ. هەرکاتێک کورسی بەتاڵ مایەوە بە گشت جۆرەکانی کورسی تەرخانکراو، ئەوا بە هیچ شێوەیەك کورسییەکان پڕ ناکرێتەوە.

ب. هیچ زانکۆیەک بۆی نییە کورسی خوێندن زیاد بکات بۆ پلانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەتەوە.

ج. بۆ دیاریکردنی ژمارەی کورسیەکانی خوێندنی دکتۆرا لە هەر بەشێك، پێویستە میلاکی ستافی ئەو بەشە و ڕەچاوکردنی میچی سەرپەرشتیکردن بە گوێرەی ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٦) و پێداویستی راستەقینەی خوێندنی دکتۆرا بکرێتە پێوەری سەرەکی، بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتی خوێندنی باڵا چاودێری و وردبینی پلانەکانی خوێندن دەکات.

د. کورسی بۆ هیچ وەزارەت و دامەزراوەیەک تەرخان ناکرێت، بەڵکو فەرمانبەرانی ئەم دامەزراوانە دەتوانن لەسەر کورسیەکانی گشتی و کورسیەکانی پارالێل پێشکەش بکەن.

ه. لە حاڵەتی تەرخانکردنی کورسی بۆ زانکۆ نوێیەکان و زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان مەرجە کورسی لە پسپۆری داواکراو وەکو بەش لە زانکۆ نوێیەکان و پۆلیتەکنیکیەکان بوونی هەبێت.

و. پێویستە خوازیار لە کاتی پێشکەشکردن تەنها یەک شێوازی پێشکەشکردنی کورسی هەڵبژێرێت، واتە نابێت پێشکەشی دوو شێوازی کورسی بکات.

**تەوەری حەوتەم: سەبارەت بە لایەنی دارایی خوێندن:-**

١- بۆ ئەو خوازیارانەی لەسەر کورسیە گشتیەکان بە شێوەی خۆرایی وەردەگیردرێن، ئەوا گشت تێچووی خوێندنەکە لە ئەستۆی ئەو زانکۆیە دەبێت کە خوێندنی دکتۆرای کردۆتەوە.

٢- ئەو خوازیارانەی لەسەر کورسی پارالێل وەردەگیردرێن، ئەوا تەواوی تێچووی خوێندنی ماستەرەکەیان لە ئەستۆی قوتابی/خوێندکار دەبێت، بۆیە پێویستە پێشکەشکار لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پربکاتەوە کە ئامادەیە تەواوی تێچووی خوێندنەکە لە ئەستۆی خۆی بگرێت.

٣- دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە، کرێی خوێندنی دکتۆرا بە شێوازی پاراڵێل لەلایەن ئەنجومەنی زانکۆکانەوە پێشنیار دەکرێت و لە لایەن وەزارەت/فەرمانگەی توێژینەوەی پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی کارگێری و دارایی پەسەند دەکرێت.

**تەوەری هەشتەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و هەر ڕێنماییەکی تر لەمەو پێش دەرچووە کە ناکۆك و پێچەوانە بێت لەگەڵ ئەم ڕێنماییە، ئەوا کاری پێناکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە**

لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و گەشەپێدانی زیاتری خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕێنمایی خوێندنی دکتۆرای دەرکرد، ئامانج لەم ڕێنماییە بریتیە لە ڕەخساندنی هەلی ئەم شێوە خوێندنە بە ڕەچاوکردنی پرۆسەی بەرز ڕاگرتنی کوالێتی خوێندن و توێژینەوەی زانستی.

**د.ئارام محمد قادر**

**وەزیری خوێندی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**ژمارەی : ١٧٧٧١ لە ٢٠١٩/١٠/٢٨**

## ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٩

## ڕێنمایی خوێندنی باڵا / دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لەزانکۆ حکومییەکانی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠١٩- ٢٠٢٠)

ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (٥)ی ئەنجومەنی وەزارەت کە لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/١) و (٢٠١٩/١٠/٦) ئەنجام درابوو، بڕیاردرا بە دەرکردنی ڕێنمایی خوێندنی باڵا/ دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆ حکومییەکانی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە: -

**تەوەری یەکەم/ مەرج و ڕێنماییەکانی پێشکەشکردن:**

**١- مەرجی تێکڕای نمرە (معدل)ی بەکالۆریۆس:** تێکرای نمرە (معدل)ی بەکالۆریۆسی پێشکەشکار ڕەچاوناکرێت بۆ پێشکەشکردن، واتە هەر پێشکەشکارێک تێکرای نمرە (معدل)ی (٥٠%) بێت ئەوا مافی هەیە پێشکەشی ئەم جۆرە خوێندنە بکات.

**٢- مەرجی ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی:** مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی لە لایەن لیژنەی زانستی ئەو بەشە دادەنرێت کە ئەم جۆرە خوێندنە دەکاتەوە، بە مەرجێک لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژ و ئەنجومەنی زانکۆ پەسەند بکرێت و دواتر پێویستە ڕەزامەندی وەزارەت سەبارەت بە مەرجی ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی وەربگیردرێت.

**٣- مەرجی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی:**

أ. مەرجە پێشکەشکار لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەربچێت (واتە مەرجە بە لایەنی کەم (١٥) نمرەی لە (٣٠) نمرەی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بەدەست بهێنێت، بە پێچەوانەوە بە دەرنەچوو دادەنرێت و مافی چوونە پێشبرکێی نییە).

ب. پێویستە لیژنەیەکی زانستی تایبەت لەسەر ئاستی کۆلیژ/فاکەڵتی/سکول یان بەش سەرپەرشتی تاقیکردنەوەکان بکات.

ج. پێویستە لەگەڵ پێشکەشکردنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لە لایەن مامۆستایان، وەڵامی نمونەیی پرسیارەکان پێشکەش بە لیژنەی تاقیکردنەوەکان بکرێت.

**٤- مەرجی تەمەن :** میچ (سقف)ی تەمەن مەرجە بۆ پێشکەشکردن، واتە نابێت تەمەنی پێشکەشکار لە (٤٠) ساڵ زیاتر بێت (لەسەر بنەمای ساڵی لە دایکبوون)، ئەو پێشکەشکارانەی تەمەنیان لە (٤٠) چل ساڵ زیاترە، دەتوانن بە شێوازی پارالێل پێشکەش بکەن.

**٥- مەرجی ساڵانی خزمەت و تێپەڕبوونی ماوەی پێویست بەسەر دەرچووندا:**

أ. بۆ خوازیارانی دامەزراو (واتە فەرمانبەری هەمیشەیی بن لە یەکێک لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان)، پێشکەشکار مەرجە (٢) دوو ساڵی تەواوی خزمەتی فیعلی دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و دامەزراندنی هەبێت تا ڕێکەوتی دەستپێکردنی خوێندنەکە، بە پێچەوانەوە مافی پێشکەشکردن و وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندنی نابێت.

ب.ئەو خوازیارانەی کە دانەمەزراون لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەبێ هەبوونی مەرجی دوو ساڵ دەرچوون و تێپەڕین بەسەر بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس مافی پێشکەشکردنیان هەیە و پێویستە بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پێشکەش بکەن کە لە هیچ دامودەزگایەکی میری (حکومی) دانەمەزراون. بە پێچەوانەوە خوێندنەکەی هەڵدەوەشێتەوە و ڕێکاری یاسایی بەرامبەری دەگیردرێتەبەر.

**تەوەری دووەم/ ڕێکخستنی پێشبڕکێ لە نێوان پێشکەشکاران و پێوەرەکانی سیستمی ڕیزبەندی بەپێی ڕێژەی خاڵ:**

پێوەرەکانی پێشبرکێ لەسەر بنەمای نمرەی بەکالۆریۆس و نمرەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ. تێکڕای نمرەی (٥٠%)ی بەکالۆریۆس هیچ خاڵ وەرناگرێت بۆ چوونە ناو پێشبرکێ، بە زیادبوونی هەر نمرەیەک خاڵێک وەردەگرێت ( بۆ نمونە ئەگەر پێشکەشکارێک تێکرای نمرەکەی (٥٥%) بوو (٥) پێنچ خاڵی پێ دەدەرێت بۆ چوونە ناو پێشبرکێ، ئەگەر پێشکەشکارێکی دیکە تێکرای نمرەی (٥٨%)ی هەبوو ئەوا (٨) هەشت خاڵی بۆ زیاد دەکرێت، بۆ نمرەکانی تریش هەمان ئەو پێوەرە پەیڕەو دەکرێت).

ب.لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لەسەر (٣٠) نمرە ئەنجام دەدرێت و بەدەستهێنانی نمرەی (١٥) پانزە لە تاقیکردنەوە هیچ خاڵ وەرناگرێت، واتە (٠) سفر (خاڵ)ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک (١) یەک خاڵی بۆ زیاد دەکرێت (بۆ نمونە ئەگەر پێشکەشکار نمرەی (١٦)ی هێنا لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی، ئەوا (١) یەك خاڵ وەردەگرێت بۆ بەشداریکردن لە پێشبرکێ، ئەگەر نمرەی (٢٠) بیستی هێنا ئەوا (٥) پێنچ خاڵی پێ دەدرێت بۆ بەشداریکردن لە پێشبرکێ...هتد).

**تێبینی/** هەردوو خاڵەکانی بەدەستهاتوو لە نمرەی بەکالۆریۆس و نمرەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی کۆدەکرێنەوە و ئەو پێشکەشکارانەی بەرزترین خاڵیان بەدەستهێنا، ئەوا بە پێی ڕێژەی پلان و ژمارەی کورسیەکانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەت وەردەگیرێن.

**تەوەری سێیەم/ مەرج و پێداویستی کردنەوەی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی:**

١. بۆ کردنەوەی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە هەر بەشێکی زانستی مەرجە بە لایەنی کەم (٤) چوار هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا یان (٤) چوار هەڵگری پلەی زانستی (مامۆستا) هەبێت کە پسپۆڕی گشتیان لە هەمان پسپۆری بەشەکەیە و مەرجیشە ئەو مامۆستایانە لەسەر میلاکی هەمیشەیی بەشی زانستی بن یان خانەنشینکراوی هەمان بەش بن یاخود گرێبەست یان تەنسیبکراو بن لە هەمان ئەو بەشە یاخود شەراکەتی ئەکادیمیان لەگەڵ زانکۆکان هەبێت لە ڕێگەی ڕێکەوتننامە و خستنەرووی بە دۆکیومێنت ، لێرەدا پێویستە ئەو بەرێزانە کە ستافی بەشێکی دیاریکراون دووبارە نەبنەوە لە بەشێکی تر.

٢.ئەو زانکۆیانەی کە دەیانەوێت خوێندنی دبلۆمی یەك ساڵەی ئەکادیمی لە هەر بوارێک بکەنەوە، مەرجە بەشەکە لە زانکۆکە هەبێت.

٣. سەبارەت بەو بەشانەی کە دەیانەوێت بۆ یەکەم جار خوێندنی باڵا/ دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بکەنەوە و مەرجەکانی خاڵی (١ و ٢) یەك و دوو و سێی سەرەوەیان تێدایە، دەتوانن پڕۆپۆزەلی کردنەوەی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی پێشکەش بە وەزارەت/ فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان بکەن بۆ مەبەستی ڕەزامەندی و پەسەندکردنی.

**تەوەری چوارەم : پێداویستیە زانستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی:**

١.خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بە شێوازی بۆلۆنیا پرۆسێس (Bologna Process) دەبێت و (ECTS 60) بۆ هەردوو سیسمتەرەکە تەرخان دەکرێت، واتە هەر سیمستەرێک (ECTS 30)ی بۆ تەرخان دەکرێت و لە لایەن لیژنەی زانستی بەش بابەتەکان دیاری دەکرێت کە پێویستە سەرجەم بابەتەکان پەیوەندیدار بێت بە پسپۆڕی خوێندنی بەکالۆریۆسی پێشکەشکار.

٢. ووردەکاری شێوازی خوێندنی کۆرسەکانی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بە فەرمانی وەزاری دەردەچێت.

٣. لە هەر سیمستەرێك پێویستە قوتابی/خوێندکار (Article Review) لە یەکێك لە بابەتەکانی سیمستەرەکە بنووسێت کە بابەتەکە لە لایەن لیژنەی زانستی بەش دیاری دەکرێت.

٤. لەم جۆرە خوێندنەدا نووسینی (اطروحة) پێویست نییە.

٥.مەرجە قوتابی/خوێندکار لە تاقیکردنەوەی کۆرسەکان دا نمرەکەی لە (٦٠%) کەمتر نەبێت لە هەر یەک لەو بابەتانە و لە کۆتایی هەردوو وەرزەکەدا تێکڕای نمرە (معدل)ی لە (٧٠%) کەمتر نەبێت، بە پێچەوانەوە بەپێی ڕێنماییەکانی خوێندنی باڵا سرینەوەی ناو (ترقين القيد) دەکرێت.

٦. ئەگەر قوتابی/ خوێندکار لە سیمستەری یەکەم لە نیوەی زیاتری بابەتەکان کەوت، ئەوا سڕینەوەی ناو (ترقین قید) دەکرێت و مافی چوونە نێو کۆڕسی دووەمی نابێت.

٧. دەکرێت لیژنەی زانستی بەش دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی کۆلێژ هەر پێداویستیەکی دیکە لە ماوەی خوێندنەکە زیاد بکات بۆ قوتابیان و خوێندکاران بۆ وەرگرتنی بڕوانامەکە کە لە خاڵەکانی سەرەوە نەهاتووە، بە مەرجێك ناکۆك نەبێت لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە.

٨. ماوەی هەر کۆرسێك بریتی دەبێت لە (١٥) پانزە هەفتە بە تاقیکردنەوەکانیشەوە.

٩. لە خوێندنی دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی ئەکادیمی (ECTS 1) بە (٢٥) کاتژمێر ئەژمار دەکرێت.

**تەوەری پێنجەم: تێبینیە گشتیەکان:**

١. بڕوانامەی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بەکاردێت بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی نمرە (تحسين معدل)ی بەکالۆریۆس تاوەکو دواتر پێشکەشکار بتوانێت پێشکەشی خوێندنی باڵا/ماستەر بکات کە ڕێژەی (٦٠%)ی کۆنمرەی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و (٤٠%)ی کۆنمرەی بەکالۆریۆس کۆدەکرێنەوە و دەبێتە نمرەی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا/ماستەر.

٢.لە کاتی پێدانی بەخشینی بڕوانامەی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە لایەن زانکۆکان، پێویستە بە روونی لەسەر بڕوانامەکە ئاماژە بدرێت کە ئەم بڕوانامەیە ئەکادیمیە و بۆ مەبەستی ئەکادیمی و بەرزکردنەوەی نمرەی بەکالۆریۆس بەکاردێت بە مەبەستی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا/ماستەر لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

٣. بڕوانامەی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بۆ مەبەستی زانستی و ئەکادیمی بەکاردێت و ماف و ئیمتیازاتی دارایی و کارگێری لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم دەستنیشان دەکرێت.

٤.هیچ مامەڵەیەکی پێشکەشکردن وەرناگیرێت، ئەگەر سەرجەم دۆکیۆمێنتەکان تەواو نەبێت تا دوایین رۆژی پێشکەشکردن، بە پێچەوانەوە خوازیار مافی بەشداربوونی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی نابێت و یاریدەدەری سەرۆک زانکۆکان بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا بەرپرسیارن لە وردبینی کردنی دۆکیۆمێنتەکان و دەستنیشانکردنی لیستی ئەو پێشکەشکارانەی کە مافی تاقیکردنەوەی توانستی زانستییان هەیە، هەروەها لیژنە تایبەتەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی چاودێری و وردبینی دۆکیومێنتەکان و پرۆسەی پێشکەشکردن دەکەن.

٥.مۆڵەتی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بە شێوەی خۆتەرخانکردنی تەواو (تفرغ تام) دەبێت بۆ ماوەی (١) یەک ساڵ فەرمانبەرانی دامەزراو بە شێوەی هەمیشەیی لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق.

٦.دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی هاوشێوەی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لە خوێندنی دەوامی بەیانیان دەبێت، نابێت دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە خوێندنی دەوامی ئێواران بێت.

٧.ماوەی خوێندن بریتییە لە (١) یەک ساڵی ئەکادیمی، لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی کۆلێژ/فاکەلتی/سکولە کە بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ بۆ جاری یەکەم بە مووچە ماوەکە درێژ بکاتەوە و لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی زانکۆیە بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ بۆ جاری دووەم بە مووچە ماوەکە درێژی بکاتەوە (کە دوایین درێژکردنەوەیە). بە پێچەوانەوە قوتابی/خوێندکاری دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی فەرمانی سڕینەوەی ناو (ترقین القید)ی لە خوێندن لە لایەن زانکۆوە بۆ دەردەچێت.

٨.پێویستە ئەو پێشکەشکارەی کە دانەمەزراوە بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پێشکەش بکات کە لە هیچ فەرمانگەیەکی حکومی دانەمەزراوە، ئەگەر زانیاری نادروستی دا بێت ئەوا هەموو بەرپرسیاریەتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆ، هەروەها سڕینەوەی ناو (ترقین قید)ی لە خوێندن بۆ دەکرێت.

٩.بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزارەت مامەلە لەگەڵ پۆینت ناکرێت بۆ دەرئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی ( واتە ژمارەکان جبر ناکرێن و کێرڤ نادرێت لە کاتی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی).

١٠. بە هیچ شێوەیەك ناکرێت قوتابی/ خوێندکار خوێندنەکەی لە زانکۆیەك بگوازێتەوە بۆ زانکۆیەکی دیکە ناوەوەی هەرێمی کوردستان یاخود دەرەوەی هەرێم و دەرەوەی وڵات، یان بە پێچەوانەوە.

١١. ئەگەر لە بەشێکی زانستی بە تەنها یەك قوتابی/ خوێندکار وەرگیرا، دەتوانێت دەست بە خوێندنی ئەکادیمی بکات بە مەرجێک لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە پرسیاری تاقیکردنەوە و هەڵەچنینی پەراوی تاقیکردنەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام زانکۆکان سەرپشکن لە کردنەوەی یان نەکردنەوەی خوێندن بۆ تەنها یەک قوتابی/خوێندکار.

١٢.ئەگەر پێشکەشکار زانیاری نادروستی دابێت لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن یاخود لە گشت قۆناغەکانی خوێندن، ئەوا هەموو بەرپرسیاریەتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆی، هەروەها سڕینەوەی ناو (ترقن قید)ی لە خوێندن بۆ دەکرێت.

١٣.هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بواری زانستە گشتیەکان مافیان هەیە پێشکەشی یەکێک لە پسپۆرییەکانی کیمیا و فیزیا و بایلۆجی بۆ خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بکەن و دواتر دوای تەواوکردنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بە سەرکەوتوویی دەتوانن پێشکەشی خوێندنی باڵا/ماستەر لە بوارەکانی کیمیا و فیزیا و بایلۆجی بکەن، هەروەها هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکان مافیان هەیە پێشکەشی یەکێک لە پسپۆرییەکانی مێژوو و جوگرافیا بۆ خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بکەن و دواتر دوای تەواوکردنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بە سەرکەوتوویی دەتوانن پێشکەشی خوێندنی باڵا/ماستەر لە بوارەکانی مێژوو و جوگرافیا بکەن.

١٤.بە هیچ شێوەیەک یەدەگ (إحتیاط) لە خوێندنی باڵا بوونی نییە، بەڵکو تەنها وەرگیراو بوونی هەیە.

١٥.مەرجە خوازیار پێشکەشی هەمان بواری خوێندنی باڵا/دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بکات لەسەر بنەمای پسپۆڕی بڕوانامەی بەکالۆریۆسەکەی.

١٦.دەرچووانی زانکۆ تایبەتەکانی دانپێدانراو لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان، بۆیان هەیە پێشکەشی ئەم جۆرە خوێندنە بکەن بە پێی مەرج و شێوازەکانی هاتوو لەم رێنماییە.

١٧.پاڵپشت بە ڕادەربرینی ئەنجومەنی شورای هەرێم ژمارە (٢٠١٤/١٣) لە (٢٠-٧-٢٠١٧)، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی عێراق و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بۆیان نییە پێشکەشی خوێندنی باڵا/دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا بکەن لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، هەوروەها پاڵپشت بە کۆبوونەوەی (لیژنەی باڵای خوێندنی باڵا)ی ئەنجامدراو لە ڕێکەوتی (٢٠١٧/٢/١٥) و هەروەها پاڵپشت بە ڕادەربرینی ئەنجومەنی شورای هەرێم ژمارە (٢٠١٧/١١) لە (٩-٧-٢٠١٧) و گشتاندنی وەزارەت ژمارە (١٠٠٧) لە (٢٠١٧/٨/٢) بەڕێزان (خاوەن پلە تایبەتەکان- أصحاب الدرجات الخاصة) تاوەکو لەو پۆستەدا بن بۆیان نیە پێشکەشی خوێندنی باڵا/دبلۆمی باڵا- ماستەر- دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بکەن لەبەرئەوەی ناتوانرێت خوێندن و ئەو جۆرە پۆستە پێکەوە راهی بکرێت.

١٨.هاوڵاتی عێراقی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و دەرەوەی عێراق بۆیان هەیە پێشکەشی ئەم جۆرە خوێندنە بکەن بە شێوازی پارالیل و مەرجەکانی هاتوو لەم رێنماییە.

**تەوەری شەشەم: پلان و ژمارەی کورسیەکان:**دوای دەرچوونی ئەم رێنماییە، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە رێگەی فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا بە فەرمی داوای پلان لە زانکۆکان دەکات، زانکۆ هەڵدەستێ بە ئامادەکردنی پلانی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بە پێی رێنماییەکان و ژمارەی کورسیەکان دیاری دەکات و لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆکەوە پلان و ژمارەی کورسیەکان پەسەند دەکرێت بە رەچاوکردنی ئەو مامۆستایانەی میچ و مەرجی سەرپەرشتیکردنیان بە پێی رێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٦)ی تێدا هەیە و دواتریش لە لایەن وەزارەت/ فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا پلان و ژمارەی کورسیەکان پەسەندەکرێت، کورسیەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە تەرخان دەکرێت:-

**١- کورسیە گشتیەکان بە شێوەی خۆرایی** دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-

أ- ژمارەیەك لە کورسیەکان بە پێی ڕێژەی خاڵی (١)ی سەرەوە تەرخان دەکرێت بۆ (زانکۆکان و زانکۆ نوێیەکان و زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان)، لەم حاڵەتەدا تەنها خوازیارانی میلاکی ئەو زانکۆیانەی کە کورسیان بۆ تەرخانکراوە بۆیان هەیە پێشبرکێ لە نێوان خۆیان بکەن لەسەر ژمارەی ئەو کورسیانەی بۆیان تەرخان کراوە، ئەو پێشکەشکارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا بە پێی ڕێژەی کورسی تەرخانکراو لە پلان وەردەگیرێت.

ب- کورسیەکانی دیکە دەبێت بە (کورسی گشتی) کە هەموو پێشکەشکارێکی دامەزراو بە شێوەی هەمیشەیی لە دامودەزگاکانی سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان مافی هەیە پێشکەشی بکات و لە نێوان خۆیان پێشبرکێ بکەن لەسەر ژمارەی کورسیەکان، ئەو پێشکەشکارانەی زۆرترین خاڵ بەدەست دەهێنن بە پێی ڕێژەی پلانەکە وەردەگیرێن.

**٢- کورسی بە شێوازی سیستمی پاراڵێل** بەم شێوەیەی خوارەوە:-

أ- ڕێژەیەک لە کورسیەکان بە شێوەی پاراڵێل تەرخان دەکرێت بۆ گشت پێشکەشکاران واتە ئەو پێشکەشکارانەی کە دانەمەزراون لە هیچ دامەزراوەیەکی حکومی یان دامەزراون لە دامووەزگاکانی حکومەت بۆیان هەیە پێشکەشی کورسیەکانی پاراڵێل بکەن.

ب- پێشکەشکردن لەسەر ڕێژەی کورسیەکانی پاراڵیلی خاڵی (أ)ی سەرەوە بە شێوەی سەرتاسەری دەبێت و ئەو پێشکەشکارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا بە پێی پلان و ژمارەی کورسیەکان وەردەگیرێت.

**تێبینی /**

أ. هەرکاتێک کورسی بەتاڵ مایەوە بە گشت جۆرەکانی کورسی تەرخانکراو، ئەوا بە هیچ شێوەیەك کورسییەکان پڕ ناکرێتەوە.

ب. هیچ زانکۆیەک بۆی نییە کورسی خوێندن زیاد بکات بۆ پلانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەتەوە.

ج. بۆ دیاریکردنی ژمارەی کورسیەکان لە هەر بەشێك، پێویستە میلاکی ستافی ئەو بەشە و ڕەچاوکردنی میچی سەرپەرشتیکردن بە گوێرەی ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٦) و پێداویستی راستەقینەی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بکرێتە پێوەری سەرەکی، بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتی خوێندنی باڵا چاودێری و وردبینی پلانەکانی خوێندن دەکات.

د.کورسی بۆ هیچ وەزارەت و دامەزراوەیەک تەرخان ناکرێت، بەڵکو فەرمانبەرانی ئەم دامەزراوانە دەتوانن لەسەر کورسیەکانی گشتی و کورسیەکانی پاراڵێل پێشکەش بکەن.

ه. لە حاڵەتی تەرخانکردنی کورسی بۆ زانکۆ نوێیەکان و زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان مەرجە کورسی لە پسپۆری داواکراو وەکو بەش لە زانکۆ نوێیەکان و پۆلیتەکنیکیەکان بوونی هەبێت.

و. پێویستە خوازیار لە کاتی پێشکەشکردن تەنها یەک شێوازی پێشکەشکردنی کورسی هەڵبژێرێت، واتە نابێت پێشکەشی دوو شێوازی کورسی خوێندن بکات.

**تەوەری حەوتەم: سەبارەت بە لایەنی دارایی خوێندن:**

١- بۆ ئەو خوازیارانەی لەسەر کورسیە گشتیەکان بە شێوەی خۆرایی وەردەگیردرێن، ئەوا گشت تێچووی خوێندنەکە لە ئەستۆی ئەو زانکۆیە دەبێت کە خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی کردۆتەوە.

٢- ئەو خوازیارانەی لەسەر کورسی پاراڵیل وەردەگیردرێن، ئەوا تەواوی تێچووی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە ئەستۆی قوتابی/خوێندکار دەبێت، بۆیە پێویستە پێشکەشکار لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پڕبکاتەوە کە ئامادەیە تەواوی تێچووی خوێندنەکە لە ئەستۆی خۆی بگرێت.

٣- دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە، کرێی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی بە شێوازی پاڕاڵێل لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆکانەوە پێشنیار دەکرێت و لە لایەن وەزارەت/فەرمانگەی توێژینەوەی پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی کارگێری و دارایی پەسەند دەکرێت.

**تەوەری هەشتەم:**

١. ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و هەر ڕێنماییەکی تر لەمەو پێش دەرچووە کە ناکۆك و پێچەوانە بێت لەگەڵ ئەم ڕێنماییە، ئەوا کاری پێناکرێت.

٢. هەروەها لە ڕێکەوتی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە، ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٨)ی خوێندنی دبلۆمی باڵای پیشەیی هەڵدەوەشێتەوە و کاری پێناکرێت، ئەو قوتابی/خوێندکارانەی کە لە ئێستادا دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی دەخوێنن و وەرگیراون بە پێی ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٨) دەتوانن بەردەوام بن لە خوێندنەکەیان یاخود بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی زانکۆ دەتوانرێت خۆیان لەگەڵ ئەم ڕێنماییە بگونجێنن بە مەرجێک بڕوانامەی بەکالۆریۆس و خوێندنی باڵای یەک ساڵەی پیشەیی لە هەمان بەش بێت.

**هۆیەکانی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە**

هۆیەکانی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە بریتییە لە دروستکردنی هەلی دەرفەتی خوێندن بۆ ئەو خوازیارانەی کە دەیانەوێت درێژە بە خوێندنی باڵا/ ماستەر بدەن لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام کۆنمرەی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠%) کەمترە، بۆیە لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و سوودمەندبوونی خوازیاران، ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕێنمایی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی دەرکرد.

**د.ئارام محمد قادر**

**وەزیری خوێندی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی**
**ژمارەی : ٣٥٥٨ لە ٢٠١٩/١١/٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧) لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٧ وە لەپێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :-

**ڕێنمایی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١٩**

**ڕێنمایی تایبەت بەدروست کردنی مزگەوت و هۆڵی بۆنەکان لەلایەن خێرخوازانەوە**

**ماددەی (١):-**

١-خێرخوازان هان بدرێن بەرووخان و دووبارە درووست کردنەوەی مزگەوتە کۆنەکان لەشارەکان بەشێوازی تازە و نەخشەی نوێ

٢- مزگەوت لەو شوێنانە ڕەزامەندی دەدرێت بۆ درووستکردنی کەلە نەخشەی بنەرەتی / نەخشەی کەرتی لەشارەوانی تەرخان دەکرێت بۆ مزگەوت یان شوێنی خزمەتگوزارین وە دەبێ سەنەدی تۆماری هەبێت لەفەرمانگەی تۆماری خانووبەرە.

٣- بەهیچ شێوەیەك نابێت شوێنی سەوزایی بکرێت بە مزگەوت

٤- بەمەبەستی گرنگی دان بەزیادکردنی ڕووبەری سەوزایی و پارکی ئۆتۆمبێل لەناو مزگەوت دەکرێت بینای مزگەوتەکان بەشێوەی چەند نهۆمی جێبەجێ بکرێت.

٥- لەکاتی دانانی نەخشەی کەرتی لە ئایندەدا وەزارەتی شارەوانی و ئەوقاف پابەند بن بەم کلاسانەی کە لە خوارەوە هاتووە لەکاتی دانانی شوێنی مزگەوت لە نەخشەکەدا وە لەبەر چاو گرتنی چڕی دانیشتوان.

٦- خێرخواز لەکاتی دروست کردنی مزگەوت بەپێی رووبەری زەوی تەرخان کراو پابەند بێت بەم جۆر و پێکهاتانەی خوارەوە:

أ-جۆری (A) (مزگەوتی گەورە): رووبەری زەویەکە لە (١٢,٠٠٠) دوانزە هەزار مەتر کەمتر نەبێت، پێویستە گومبەت و منارەو هۆڵی بۆنەی پیاوان و ئافرەتان و دوو خانوو و حوجرەی فەقێیان وموشتەمەلاتی تێدا دروست بکرێت لەگەڵ سەنتەری لەبەرکردن و فێرکردنی قورئانی پیرۆز و کتێبخانە، وە پێویستە ئەم جۆرە مزگەوتە لە نزیك سەوزایی یان شەقامی سەرەکی یان لە شوێنە کراوەکان یان چوار ریانەکان بێت، وە

- دووری نێوانیان (١٥٠٠م) هەزارو پێنج سەد مەتر کەمتر نەبێت.
- ڕێژەی سەوزایی نابێت لە ٢٥% رووبەری زەوی کەمتر بێت.
- ڕێژەی رووبەری پارکی ئۆتۆمبێل لە ٣٥% ی رووبەری زەوی کەمتر نەبێت , دەکرێت بن بیناکان وەك و ژێرزەمین بەکاربهێندرێت بۆ پارکی ئۆتۆمبێل .

ب- جۆری (B) (مزگەوتی ناوەند) : رووبەری زەویەکە لە (٨٠٠٠ – ١٢٠٠٠ م٢) هەشت هەزار تاکو دوانزە هەزار مەتر دووجا کەمتر نەبێت، پێویستە گومبەت منارە وهۆڵی بۆنەی پیاوان و ئافرەتان و یەك خانوو وموشتەمەلاتی تێدا دروست بکرێت، وە دووری نێوانیان لە (١١٠٠م) هەزار و سەد کەمتر نەبێت.

ڕێژەی سەوزایی نابێت لە ٢٥% رووبەری زەوی کەمتر بێت.

ڕێژەی رووبەری پارکی ئۆتۆمبێل لە ٣٥%ی رووبەری زەوی کەمتر نەبێت , دەکرێت بن بیناکان وەك و ژێر زەمین بەکاربهێندرێت بۆ پارکی ئۆتۆمبێل .

ت- جۆری (C) (مزگەوتی مام ناوەند): ڕووبەری زەویەکە لە (٥٠٠٠ - ٨٠٠٠ م٢) پێنج هەزار تاکو هەشت هەزار مەتر دووجا کەمتر نەبێت، پێویستە گومبەت و مناره و یەك خانوو و هۆلی بۆنە و موشتەمەلاتی تێدا دروست بکرێت ، وە دووری نێوانیان لە (٩٠٠م) کەمتر نەبێت ڕێژەی سەوزایی نابیت لە ٢٥% ڕووبەری زەوی کەمتر بێت ڕێژەی رووبەری پارکی ئۆتۆمبێل لە ٣٥%ی رووبەری زەوی کەمتر نەبێت ,دەکرێت بن بیناکان وەك و ژێر زەمین بەکاربهێندرێت بۆ پارکی ئۆتۆمبێل .

پ – جۆری(D) تایبەت بە قەزا و ناحییەکان (مزگەوتی بچووك) روبەری زەویەکە لە (٢٥٠٠ -٥٠٠٠) دوو هەزارو پێنج سەد تاکو پێنج هەزار مەتر کەمتر نەبێت پێویستە گومبەت و مناره و یەك خانوو و هۆلی بۆنە و موشتەمەلاتی تێدا دروست بکرێت و دووری نێوانیان لە (٦٠٠م) کەمتر نەبێت

ڕێژەی سەوزایی نابێت لە ٢٠% رووبەری زەوی کەمتر بێت.

ڕێژەی رووبەری پارکی ئۆتۆمبێل لە ٢٠%ی رووبەری زەوی کەمتر نەبێت ، دەکرێت بن بیناکان وەك و ژێرزەمین بەکاربهێندرێت بۆ پارکی ئۆتۆمبێل .

ج ١- جۆری (A – B) دەبێت لەسەر جادەی سەرەکی لە ٢٠ م کەمتر نەبێت وە جۆری (C) لەسەرجادەی١٥م کەمتر نەبێت.

٢- لە جۆری (C) (B) (A) رەچاوی شوێنی نوێژی ئافرەتان بکرێ.

ح- ماوەی جێبەجێ کردنی جۆری (A) ١٣٠٠ڕۆژ دەبێت.

ماوەی جێبەجێ کردنی جۆری (B) ١٠٠٠ ڕۆژ دەبێت.

ماوەی جێبەجێ کردنی جۆری (C) ٩٠٠ ڕۆژ دەبێت.

ماوەی جێبەجێ کردنی جۆری (D) ٦٠٠ ڕۆژ دەبێت.

خ– لەکاتی دروست کردنی سەوزایی بۆ مزگەوت ڕەچاوی چاندنی داری ژینگە بکرێت واتا نزامی ئاودان بەشێوە مۆدیرن بێت بەمەبەستی بەفیرۆ نەدانی ئاو.

د- جۆری - A - B لەمزگەوتەکان ژووری ترانسفۆرمر دروست بکرێت لەگەل دانانی ترانسفۆرمر.

ڕ – دانان سیستەمی دژە بروسك + ارضي دابنرێت.

ز – بلند گۆی ناو حەرەم و هۆڵی بۆنەکان بکرێت بەسیستەمی نوێ مۆدێرن لەناو بنمیچی لاوەکی دابنرێت.

٧- وەزیری ئەوقاف بۆی هەیە بەدەرلەبڕگەکانی سەرەوە لەماددەی یەکەم ڕەزامەندی بدات لەسەر دروست کردنی مزگەوت لە حالەتی زۆر پێویست وەکوو بونی چڕی دانیشتوان و ، هۆکاری نەخشەبنەرەتیەکانی شارەوانییەکان و ناوچە شاخاوییەکان.

**ماددەی (٢):**

لەکاتی دروست کردنی مزگەوت پێویستە لە نەخشە ودیزاینەکە ئەمانەی خوارەوە هاتبێت و خێرخواز بەلێن بدات بە جێبەجێ کردنی :

١- حەرەمی مزگەوت بەرووبەرێك بێت کە گونجاوبێت لەگەڵ رووبەری زەویەکە و زۆری دانیشتوانی ناوچەکە ، کە لە (١٥% - ٢٠% )ی رووبەرەکە کەمتر نەبێت.

٢- رووبەری تەرخان کراو بۆ هەرخانویەك لە (١٥٠ م٢) کەمتر نەبێت و لە (٢٠٠ م٢) زیاتر نەبێت .

٣- دروست کردنی سێ ژوور بۆ پێش نوێژ و ووتار خوێن و کارگێری مزگەوت لە (٤ x ٥) کەمتر نەبێت.
٤- دروست کردنی حوجرەی فەقێیان بۆ کلاس (A) و (B) بەپێی پێویست لە ٣ ژوور کەمتر نەبێت لە (٦ x ٥ ) کەمتر نەبێت.
٥- دروست کردنی شوێنی دەست نوێژ هەڵگرتن بۆ پیاوان و ئافرەتان و ژووری مردوو شوشتن کە لایەنی تەندروستی بەرجەستە بکرێت ، لەگەڵ ژووری کۆگا بۆ کەل و پەلی مزگەوت رووبەرەکانیان بەپێی قەبارەو پێویستی مزگەوت بێت.
٦- دروست کردنی ئاودەست بۆ پیاوان و ئافرەتان بە مەرجێ لایەنی تەندروستی بەرجەستە بکرێت بە تایبەتی لە ناوەندی پارێزگاو قەزاکان بەمەرجێك رەچاوی پێداویستی کەم ئەندامان بکرێت وە ژمارەی ئاودەستەکان بگونجێت لە گەڵ رووبەری زەوی تەرخان کراو.
٧- دروست کردنی شوێنی گونجاو بۆ چونە ژووری کەم ئەندامان.
٨- مەوادەکانی دروست کردنی مزگەوت دژە گەرما و سەرما بێت لەگەڵ داپۆشینی بەموادی دژە گەرماوسەرما.
٩- دەبێت سیستەمی ساردکەرەوە (سیستەمی پاکێج) بەکاربهێندرێت.
١٠- نەخشەسازی (زخرفە) و خۆشنووسی ئایاتی قورئانی پیرۆز لەژێر سەرپەرشتی ئەندازیاری تایبەت بەم بوارە لە وەزارەت دەبێت.
١١- دەبێت رێنمایی بەرگری شارستانی لە دیزایینەکان جێبەجێ بکرێت لەگەڵ کامێرای چاودێری.
١٢-شورەی مزگەوت بەشێوەیەکی سەردەمیانە دەبێت کە بتوانرێت لەدەرەوەی جوانی مزگەوت دیاری بکات.
١٣- ئەگەر بینای مزگەوت لە دوو نهۆم زیاتر بێت دەبێت بەرزکەرەوە دابندرێت بەپێی قەبارەی مزگەوتەکە.

**ماددەی (٣):**

١- ئەم رێنماییە نەخشە کەرتییەکانی پەسندکراو لە شارەوانی کەتاکو ئێستا ژمارەی کارتن یان چۆلایین یان لەنوێ سەنەدیان بۆ کراوە دەگرێتەوە.
٢- ڕەزامەندی بەدرووستکردنی مزگەوت نادرێت لەم شوێنانە تاکو شارەوانی رێگە دەدات بەمۆڵەتی بینا .

**ماددەی(٤):-**

١- ڕەزامەندی دان لەسەر درووستکردنی مزگەوت تەنها لەدەسەڵاتی وەزیری ئەوقاف دەبێت لەشارو شارۆچکەکان
٢- ڕەزامەندی دان لەسەر درووستکردنی مزگەوت لەناو حەرەمی گوندەکان لەدەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی ئەوقاف دەبێت بەڕەچاو کردنی بڕگەکانی ئەم رێنماییە . وە لە دەرەوەی حەرەمی گوند ڕەزامەندی وەزارەتی کشتوکاڵ وەردەگیرێت لەگەڵ یەکەی ئیداری .
٣- رووخان و دووبارە دروست کردنەوەی مزگەوتە کۆنەکان لە دەسەڵاتی وەزیری ئەوقاف دەبێت لەگەڵ وەرگرتنی ڕەزامەندی فەرمانگەی شوێنەواری.

**ماددەی (٥):-**

١- دەبێت خێرخواز ڕێژەی ١٥%ی تێچووی پارەی مزگەوت لەیەکێك لە بانقەکان دابنێت بەناوی خۆی لەژێر حیسابی ئەو مزگەوتەی درووستی دەکات وەئەم پارەیەش نابێت ڕابکێشرێت تەنها بە ڕەزامەندی وەزیری ئەوقاف نەبێت . دوای تەواوبوونی ٥٠%ی پڕۆژەکە دەکرێت پارەکە ٥٠% ڕابکێشرێت وە خەرج بکرێت لە مزگەوتەکەوە دوای تەواو بوونی ٧٠% پڕۆژەکە پارەکە ١٠٠% رادەکێشرێت و خەرج دەکرێت لەمزگەوتەکە.

٢- تێچووی پارەی مزگەوتەکە لەلایەن فەرمانگە ئەندازەییەکانی ئەوقاف دەخەملێندرێت.
٣- لەگوندەکان ئەم دوو بڕگەی سەرەوە نایان گرێتەوە.

**ماددەی (٦):-**

دابینکردنی گشت کەل و پەلی پێویست و خزمەت گوزاری بۆ مزگەوت لە ئەستۆی خێرخواز دەبێت.

**ماددەی (٧):-**

نابێت خێرخواز هیچ جۆرە هاوکاری و کۆمەکێی ماددی کۆبکاتەوە . ئەو کۆمەکو مەوادانەی پێشکەش دەکرێت بۆ مزگەوت پێویستە ئەندازیاری سەرپەرشتیار ئاگاداربکرێتەوە.

**ماددەی (٨):-**

١- خێرخواز داواکاری پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سنووری پرۆژەکە دەکات ، تیایدا بەڵێن بدات کە مزگەوت لەداهاتی خۆی بە کەل و پەلەوە بەپێی ڕێنماییەکان و مەرجە هونەرییەکان و نەخشەو دیزایینی پەسندکراو لەوەزارەتی ئەوقاف تەواو دەکات ، وە دەبێت لە ئەوقافی پەیوەندیدار لیژنەیەکی تایبەت هەبێت سەردانی زەویەکە بکات ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بکات بەگونجاوی و نەگونجاوی شوێنەکە بۆ مزگەوت بەپێی ڕێنماییەکانی تازە.
٢- داواکاریەکە بەرزدەکرێتەوە بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکان دوای پشتگیری کردنی داواکاریەکە مامەڵەکە بەرزدەکرێتەوە بۆ وەزارەتی ئەوقاف بۆ مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیر.
٣- داواکاری خێرخواز بەرزدەکرێتەوە بۆ وەزیری ئەقاف و کاروباری ئایینی پاش هەڵسەنگاندنی لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتمەندی هەمیشەیی لە دیوانی وەزارەت.
٤- لیژنەی هەڵسەنگاندن هەمیشەیی مافی رەتکردنەوەی داواکاری خێرخوازی هەیە لە مەڕ جۆرو شوێن و ئەولەویەتی پرۆژەکە ، پێش پەسندکردنی لە لایان وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی.
٥- لە دوای رەزامەندی وەرگرتنی دروستکردنی مزگەوت لە لایەن وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئاینی بەنووسراو یان فەرمانی وەزاری ، پێویستە خێرخواز مامەلەی بەناوکردنی زەویەکە بکات لەشارەوانی پەیوەندیدار بەناوی وەزارەتی ئەوقاف وەك و وەقفێکی (مضبوط) بەهاوکاری و پشتگیری بەرێوەبەرایەتی گشتی ئەوقافی پارێزگا و ئەوقافی پەیوەندیدار

**ماددەی (٩):-**

١- گشت سیستەم و ڕێنمایی و بڕیاری تایبەت بەمتولین و سەرپەرشتیار (اشراف) جێبەجێ دەکرێن لەکاتی کارکردن بەم ڕێنماییە.

**ماددەی (١٠):-**

١- پاش دەرچونی فەرمانی وەزاری بۆ سپاردنی پرۆژەکە بە خێرخواز پێویستە گرێبەستێك لە دیوانی وەزارەت لە بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی رێك بخرێت، وە واژۆی لەسەر بکرێت لە لایەن وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی وخێرخواز، وە ماوەی جێبەجێ کردنی پرۆژەکەلە گرێبەستەکە دیاری بکرێت.
٢- دەبێت خێرخوار مۆڵەتی بینا لەشارەوانی تەواو بکات.
٣- لەکاتی دەست بەکار بوونی خێرخواز بەمزگەوت دەبێ خێرخواز (جدول تقدم عمل) پێشکەش بکات بەدواداچوونی لەسەر بکرێت لە ئەوقاف پەیوەندی دارەکان

٤- ئەگەر خێرخواز پابەند نەبوو بە بەندەکانی گرێبەستەکە وەزیری ئەوقاف دەسەڵاتی هەیە پاش یەك ئاگادارکردنەوە بۆ ماوەی یەك مانگ زەویەکەی لێ بسێنتەوە بیدات بەخێرخوازێکی تر وە خێرخواز بۆی نیە داوای قەرەبوو بکات لە وەزارەتی ئەوقاف، ئەگەر زەویەکە لە بنەرەتدا مولکی خۆی نەبێت.

**ماددەی (١١):-**

نابێ خێرخواز زەوی تەرخان کراو بۆ پرۆژە بە هیچ بیانوێك بۆ سوودی خۆی یا کەسێکی یا خزمێکی بە کار بهێنێت ، وەکو(خانوو ، دوکان ، یا ناشتنی مردوو) ، بەپێچەوانەوەبەزیادەڕۆ ( تجاوز ) بۆسەرموڵکی وەقف مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت

**ماددەی (١٢):-**

١- تێچووی وەرگرتنی مۆڵەتی بیناو رێکارەکانی کە لە لایان سەرۆکایەتی شارەوانی دەردەچێت لە ئەستۆی خێرخوازە.

٢- دەبێ خێرخواز لە ماوەی سێ مانگ لە دوای رۆژی دەرکردنی مۆڵەی بینا دەست بە کارەکانی بکات، بە پێچەوانەوە پاش ئاگادار کردنەوەیەك زەوییەکەی لێوەردەگیرێتەوە وڕادەستی خێرخوازێکی تر دەکرێت

٣- ئەگەر خێرخواز نیازی جێبەجێ کردنی پرۆژەی هەبوو لە سەر زەوی خۆی پێویستە پێش دەست بە کاربوونی زەویەکەی بە ناوی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئاینی تۆمار بکرێت وەك (وقف ملحق)،( وقف خيري لا رجعة له) پاش وەرگرتنی رەزامەندی پلانسازی لە سەر دروستکردنی پرۆژەکە.

٤- ئەگەر خێرخواز تەنها ئامادەی دروست کردنی مزگەوت هەبوو پێویستە پابەند بێت بەو شوێنەی کە لیژنەی تەرخان کردنی زەوی دیاری دەکات بە هاوکاری وەزارەتی شارەوانی وکشتوکاڵ وپارێزگاکان پاش پەسند کردنی لە لایەن وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی.

٥- ئەگەر خێرخواز مزگەوتێکی لەسەر زەوی تەخانکراوی هاتوو لە بڕگەی (٤) دروست کرد بە سەرپەرشتیار (مشرف) دادەنرێت و پێویستە پابەند بێت بە ماف وئەرکەکانی تایبەت بە (مشرف)، کە دیاری کراوە.

**ماددەی (١٣):-**

١- بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سنووری پڕۆژەکە لێژنەیەکی ئەندازەیی پێك دەهێنێ بۆ سەرپەرشتی کردن و بەدواداچونی قۆناغەکانی کار ، وە بەشێوەی مانگانە بە ڕاپۆرت وە دەبێت بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و بەدواداچون وە بەڕێوەبەرایەتی ئەندازە لە دیوانی وەزارەت ئاگادار بکاتەوە لە چۆنیەتی بەڕێوەچونی کارەکان و کەم و کوری و گرفتەکانی پڕۆژەکە .

٢- بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سنووری پڕۆژەکە دەسەڵاتی ڕاگرتنی کاتی پڕۆژەکەی هەیە وە بە رەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقاف، لە کاتی جێبەجێ نەکردنی مەرجە ئەندازەیەکان و هونەریەکان و بەلانانی هەر مەوادێکی بینا کە گونجاو و باش نەبێت بۆ ئەم مەبەستە.

٣- لە کاتی تەواو بونی پڕۆژەکە پێویستە لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان لیژنەیەکی ئەندازەیی هەبێت بۆ وەرگرتنی پڕۆژەکە، وە تاکو (کۆنوسی وەرگرتن) لەو لیژنەیە دەرنەچێت مافی تولیە یان اشراف نادری بەخێرخوازەکە(وکردنەوەی مزگەوتەکە ناکرێت).

**ماددەی (١٤):-**

پێویستە وەبەر هێنەران لە کاتی دروست کردنی کۆمەڵگای نیشتەجێبوون و شوێنە گەشتیاریەکان پابەند بن بەدروست کردنی مزگەوت و هۆڵی بۆنە ئاینیەکان بە گوێرەی قەبارەی پرۆژەو زەوی تەرخانکراو لە نەخشەی بنەرەتی وەبەرهێنانی دیاری کراو، لەسەر ئەرکی خۆیان بەشێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ نەخشەسازی پرۆژەکە و ڕێنمایەکان و مەرجەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، بەپێچەوانەوە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان پاش خەملاندنی پرۆژەکە تێچوی پرۆژەکە بە ڕێگای یاسایی لە وەبەرهێنەر وەردەگرێت.

**ماددەی (١٥):-**

١- پێویستە خێرخواز لە ئامادەکردنی نەخشەو دیزاینی مزگەوت ڕەچاوی لایەنی سەردەمیانە بکات ، وە هەروەها گومبەت ومنارە بکات، وە ڕەچاوی ئەوە بکات شێوازی دەرکی نەبێت.
٢- پەسند کردنی نەخشەو دیزاینەکان لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی ئەوقاف دەبێت وە ئەم لایەنە بۆی هەیە خێرخواز ناچار بکات بە جێبەجێ کردنی پرۆژەکە واتە بینایەکە بەچەند نهۆمی.
٣- نابێت خێرخواز سەرپێچی لەو نەخشە ودیزاینە بکات کە پەسندکراوە لە بڕگەی (٢) لەکاتێك گۆڕانکارییەکە لەبەرژەوەندی گشتی دابێت کە پێویست بکات لە ڕوی ئەندازەییەوە ئەنجام بدرێت ڕەزامەندی لیژنەی سەرپەرشتیاری مزگەوتەکە وەربگیرێت وە دووبارە نەخشەکان پەسەند بکرێتەوە.

**ماددەی (١٦):-**

دوای وەرگرتنی مزگەوتەکە نابێت هیچ گۆڕانکاریەك لێ بکرێت یان نۆژەنبکرێتەوە بەبێ ئاگاداری لیژنەی سەرپەرشتیاری پرۆژە، و ڕەزامەندی وەزارەتی ئەوقاف.

**ماددەی (١٧):-**

ناولێنانی مزگەوت لە لایان لیژنەیەکی تایبەتمەند لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی ئەوقافی پەیوەندیدار دادەنرێت و بە ئەندامیەتی خێرخواز یا بریکارەکەی، وە کۆتا بڕیار لەدەسەڵاتی وەزیری ئەوقاف دەبێت

**ماددەی (١٨):-**

١- دەبێت بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەو ئاوەدانکردنەوە لە دیوانی وەزارەت بە تەنسیق لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی ئەوقاف و شارەوانییەکان هەڵسن بەوەقف کردنی ئەم زەویانەی لەنەخشەبنەڕتیە نوێیەکانی شارەوانیەکان تەرخانکراون بۆ مزگەوت کە کێشەی مولکایەتی نەماوە لەسەری وە بەناوی شارەوانیەکان کراون . وەکوو وەقفێکی مضبوط لەسەر پارەی مەوقوفاتی وەزارەت .
٢- دوای وەقف کردنی زەویەکان لەڕێگای پێشبڕکێ ئەندازەیی و دارایی بدرێتە خێرخوازان دوای گرتنە بەری ڕێکاری یاسایی.
٣- بەڕێوەبەرایەتی ئەندازە وئاوەدانکردنەوە کاربکات بۆ یەکخستنی دیزاینی گومبەت و منارەی مزگەوتەکان کەمۆرکی کوردەواری هەڵبگرێت و تێکەڵ بەپێشکەوتنە بیناسازییە مۆدیلە مۆدیرنەکان بکات

**ماددەی (١٩) :**

هەربڕیارو ڕێنماییەکی تایبەت بە دروست کردنی مزگەوت دەرچووبێت هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (٢٠) :**

ئەم ڕێنماییە بڵاو دەکرێتەوە لەڕۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان ) و جێبەجێ دەکرێ پاش بڵاو کردنەوەی .

**د. پشتیوان صادق عبدالله**
**وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارەی : ١٣٠٤٥ لە ٢٠١٩/١٠/٣٠**

پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٨٥٩ ) لە ٢٠١٩/٩/٢٩ و ئاماژە بە خاڵی (١) لە برگەی (دووەم ) لە رێنماییمان ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٩ کە تایبەتە بە گواستنەوەی فەرمانبەرانی گرێبەست لەسەرجەم وەزارەت و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم رێنماییەی خوارەوە :-

**رێنمایی دارایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٩**
**رێنمایی تایبەت بە گواستنەوەی فەرمانبەرانی گرێبەست**

**یەکەم** : مەرجە کانی گواستنەوە
١-گواستنەوەی لەسەر بنەمای پرۆسەی هاوسەرگیری بێت .
٢- دهبێ شوێنی نیشتەجێ بوونی دوای پرۆسەی هاوسەرگیری دوور کەوتبێتەوە لە شوێنی کاری ئێستای .
٣- پێویستە گواستنەوەکە لە میلاکی ههمان وەزارەت دەرنەچێت .
٤- دەبێ گرێبەستی هاوسەرگیریەکەی هی ئەو ساڵی داراییە بێ کە تێیدایە یان ساڵی دارایی پێشووتر .
**دووەم:** ئەم رێنماییە لە رێکەوتی (٢٠١٩/٩/٢٩ )ـەوە کاری پێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارەی : ١٣٠٤٥ لە ٢٠١٩/١٠/٣٠**

پاڵپشت بەنووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٤٨٨٠) لە ٢٠١٩/٩/٢٧ و ڕێنماییمان ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠١٣ کە تایبەتە بەنرخی خواردن بۆ بەندکراوان بڕیارماندا بەدەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:-

**ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٩**

**ڕێنمایی تایبەت بەخواردنی بەندییەکان**

**یەکەم:** بۆ دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم دابین کردنی خواردن بە بڕی (٧٥٠٠) حەوت هەزار و پێنج سەد دینار بۆ(٣) ژەم خواردنی ڕۆژانە و لە چوارچێوەی پێشینەی مانگانەیان دابین دەکرێت و خەرج دەکریت .

**دووەم:** بۆ ئەم بەندییانەی کە لە دام و دەزگاکانی وەزارەتەکانی ناوخۆ و کاروباری کۆمەڵایە تیدان بەم میکانیزمەی خوارەوە (٣) ژەم خواردنی ڕۆژانە دابین دەکرێت.

| | | |
|---|---|---|
| -١ | لە ( ١ تاکو ٥٠) بەندکراو | (١٢,٠٠٠) دوانزە هەزار دینار |
| -٢ | لە (٥١ تاکو١٥٠) بەندکراو | (١٠,٠٠٠) دەهەزار دینار |
| -٣ | لە (١٥٠) بەندکراو و بەسەرەوە | (٧,٠٠٠) حەوت هەزار دینار |

**سێیەم:** نرخەکانی سەرەوە بەرزترین رادەن بۆ (٣) ژەم خواردنی ڕۆژانە.

**چوارەم:** دابین کردنی ئەم خواردنانە بەپێی لیستی زانستی و بەپێی وەرزەکان دەبێت و دەکرێت لەلایەن خۆتانەوە خواردنەکان یەکبخرێت بەپێی میکانیزمێکی گونجاو.

**پێنجەم:** ئەگەر ژمارەی بەندییەکان لە نێوان پۆلینەکانی هاتوو لە خاڵی(دووەم) ی سەرەوە گۆرانکاری لەسەر کرا ئەوا بەپێی پۆلینەکە نرخەکان دیاری دەکرێت بۆ نمونە ئەگەر گرێبەستەکە لەسەر پۆلینی (دووەم/٢) بێت بەڵام ژمارەی بەندییەکان لە ڕۆژێك گەیشتە (١٧٠) بەندی (١٥٠) بەندی نرخی خواردن بڕی (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار بۆ(٢٠) بەندییەکەی تر بڕی (٧٠٠٠) حەوت هەزاردینار.

**شەشەم:** دابین **کردنی** خواردن لە رێی کەمگەری و بەپێی ڕێنمایی گرێبەستە گشتیەکان ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠١٦ ی وەزارەتی پلان دانان دەبێت وکەمگەرییەکە لەسەربنەمای خشتەی بەنرخەوە بێت (کشف مسعر) و بەلێندەران نرخی بە شێوەی یەك ڕێژە لەسەر گشت نرخەکان پێشکەش بکات.

**حەوتەم:** لەپاش ئەنجامدانی پرۆسەی تەندەرین و گرێبەست پێویستە بەنووسراوێکی فەرمی ئاراستەی وەزارەتمان/بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری/ب.خەرجییەکان بکرێت بەمەبەستی پەسەندکردن وخەرج کردنی

**هەشتەم:** ئەو گرێبەستانەی کە پێش ئەم ڕێنماییە دەرچوون هەروەکو خۆی کاری لەسەر دەکرێت و پاش کۆتایی هاتنی پێویستە بەپێی ئەم ڕێنماییە کاری لەسەر بکریت.

**نۆیەم:** کار بە هیچ ڕێنمایی و نووسراوێکی تر ناکرێت.

**دەیەم:** ئەم ڕێنماییە لە ریکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن**

**ژمارەی : ٥٤٢٩ لە ٢٠١٩/١١/٤**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی(٢٥)ی یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠١٢ یاسای ڕێگاوبانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان_عێراق ، ئاماژە بە بەندی(یەکەم و دووەم و سێیەم)لە ماددەی حەوتەم لە بەشی چوارەمی یاسای سەرەوە (قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتییەکان و پردەکەن) وە پاڵپشت بە کۆنووسی هاوبەشی نێوان وەزارەتەکانی(ئاوەدان کردنەوە نیشتەجێ کردن و ناوخۆ و دارایی و ئابووری ) بڕیارماندا بەدەرکردنی ئەم بەیانەی خوارەوە :

**بەیانی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١٩**

**هەمواری بەیانی ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠١٦**

**تایبەت بە(قەدەغەکراوەکانی ڕێگا گشتییەکان و پردەکان)**

**یەکەم:** قەدەغەکراوەکان بەپێوانەیەك هەژمار دەکرێن کە دەکەوێتە نێوان دوو هێڵی هاوتەریب هێڵی ناوەڕاست.

**دووەم :** هەژمار کردنی قەدەغەکراوەکان بۆ ئەو ڕێگا سەرەکیانەی جووت سایدن لە چەقی دوورگەی ناوەڕاستەوە دەبێت بۆ هەر لایەك وە بۆ ئەو ڕێگا سەرەکیانەی یەك سایدن لە ناوەڕاستی ڕێگاکەوە دەبێت بۆ هەرلایەك.

**سێیەم:** قەدەغەکراوەکان بە پێوانەیەك هەژمار دەکرێن کە دووریەکەی لە ناوەڕاستەوە دەکاتە نیوەی بڕی قەدەغەکراوەکە بۆ هەرلایەکی ڕاست و چەپ.

**چوارەم:** قەدەغەکراوەکان بۆ ڕێگا سەرەکیانەی جووت سایدن بە(١٠٠)مەتر دیاری کراوە لە چەقی دوورگەی ناوەڕاستەوە دەبێت , واتە(٥٠)مەتر بۆ هەر لایەکی ڕاست و چەپ

**پێنجەم:** لە کاتی پێویست وە بەپێی قۆناغ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن هەڵدەستێت بە زیادکردنی بڕگەی نوێ هەمووارکردنەوەی ئەم بەیانە لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندی گشتی و لە چوارچێوەی یاسای سەرە.

**شەشەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێت وە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

**ئەندازیار / دانا عبدالکریم حمەصالح**

**وەزیری ئاوەدان کردنەوە ونیشتەجێ کردن**

وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (حەوتەم / بڕگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:-

- هێنانەکایەی (إستحداث) کردنی بنکەی کەمئەندامان لە قەڵادزێ سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی چاودێری وگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەڵەبجە .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٣١ .

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (حەوتەم / بڕگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:-

- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی پەیمانگای هیوای نابیستانی گەرمیان ، لە قەزای کەلار ناوەندی ئیدارەی گەرمیان ، سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٤ .

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٩**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (حەوتەم / بڕگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:-

- هێنانەکایەی (إستحداث) کردنی بەشی بەدواداچوون لە وەزارەتمان سەر بەنووسینگەی وەزیر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٣١ .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کاروکاروبار کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددە ی (شەشەم / بڕگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:-

**بەیانی ژمارە (٣٤)ی ساڵی ٢٠١٩**

-کردنەوەی (تاقیگە ی ناوەندی خۆراکی ڕاپەرین) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەرین .

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٧.

**بەیانی ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠١٩**

- کردنەوەی (ئەم بنکە تەندروستیانەی کە ناو ناونیشانیان لە خوارەوە هاتووە) سەر بە بەشی کردە پزیشکیەکان لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٢١

| ژ | یەکە | شوێنی بنکە |
|---|---|---|
| ١ | بارەگای لیوا | سێبیران |
| ٢ | فەوجی / ١ | دیبەگە |
| ٣ | فەوجی / ٢ | تاوکێ |
| ٤ | فەوجی / ٣ | شێخان |
| ٥ | فەوجی / ٤ | کەورگۆسک |
| ٦ | فەوجی / ٥ | نۆغەران |

**بەیانی ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠١٩**

- کردنەوەی (بنکەی تەندروستی ئیمام قاسم)لە قەزای پشدەر سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەرین .

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٣ .

**بەیانی ژمارە (٣٧)ی ساڵی ٢٠١٩**

- کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی جۆری(E) ) لە گوندی قەڵبەزە سەر بە قەزای شارەزوور سەر بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .

-ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٧ .

**د.سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**

**وزارة الداخلية**
**رقم : ١٩٥٩٠ في ٢٠١٩/١٠/٣١**

## بيان رقم (١٠) لسنة ٢٠١٩

## بيان التعديل الثالث لتعليمات عمل مكاتب و شركات تعليم السياقة المرقم (٣) لسنه ٢٠١٦

استناداً الى الصلاحيات المخولة لنا بموجب المادة (٣ / الفقرة ١/) من قانون وزارة الداخلية لأقليم كوردستان المرقم (٦) لسنة ٢٠٠٩ واشارة الى تعليمات عمل مكاتب وشركات تعليم السياقة المرقم (٣) لسنة ٢٠١٦ المنشورة في جريدة وقائع كوردستان بعددها (١٩٤) الصادرة في ٢٠١٦/١/٣١ وبيان التعديل الأول للتعليمات اعلاه المرقم (١٤) لسنة ٢٠١٧ المنشور في جريدة وقائع كوردستان المرقم (٢١٦) في ٢٠١٧/١٠/١٠وبيان التعديل الثاني للتعليمات اعلاه المرقم (٦) لسنه ٢٠١٨ المنشور في جريدة وقائع كوردستان المرقم (٢٢٤) في ٢٠١٨/٤/٢٩ ولمقتضيات المصلحة العامة قررنا اصدار بيان التعديلات الاتية:

**أولا :** تضاف فقرة من المادة (الخامسة عشر ) من التعليمات اعلاه وتقرأ كالاتي :

**المادة الخامسة عشر :**

أ- على المكاتب المجاز قبل صدور هذه التعليمات تكييف اوضاعها وفق هذه التعليمات خلال الفترة المحددة لنفاذها .

ب- تسري جميع احكام المواد الواردة في هذه التعليمات الخاصة بشروط منح اجازة مكاتب تعليم قيادة السيارات على منح اجازة مكاتب تعليم قيادة الدراجات النارية .

**ثانيا :** ينفذ هذا البيان من تاريخ صدوره وينشر في جريدة (وقائع كوردستان) .

**ريبەر أحمد**
**وەزير الداخلية**